یادنامە
YADNAMA

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز

دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

ژمارەی ٦٣ی ئاب ٢٠٢٤ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.63.August.2024


# کەرکوک لە نێوان بەرداشی ململانێکاندا

**یادنامە**

لە مێژووە تا ئەمڕۆ خاڵی ناکۆکی نێوان کورد و دەستەڵاتی ناوەند کەرکوک بوە ، بە جۆرێک شۆڕشەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ و لە مەیدانی جەنگە گەرمەکاندا کەرکوک گرنگترین دۆسیە بوە و بگرە بوەتە هۆی کۆتایی هێنان بەچەندین شۆڕش و ناڕەزایەتی نەتەوەیی ، ئەوەی گرنگە بیێتە دروشمی سەرەکی ( پێکەوەژیان)ە ، کەرکورد وەک شارێکی کوردی گرنگە کەمایەتیەکان لەژێر سێبەری نەتەوەی کورد هەست بە ئارامی پێکەوە ژیان بکەن وەک شارێکی مێژووی و پڕ لە کەلتوری جیاواز .

لە ئێستادا ناکۆکی حیزبە کوردییەکان گەیشتوتە ئاستێک گەر کەرکوک وەک هێڵی سور و قوڵایی ستراتیژی سەیربکرێت ئەوا ئەم ئاستەشی بڕیوە ، گەر کورد لە ناوخۆیدا پڕ بێت لە ململانێ ئەوا دەبو کەرکوک وەک خاڵی نەتەوەیی و شارێکی پیرۆز سەیر بکرێت ، کە دەکاتە هێڵی تەواوکاری جوگرافی نەتەوەیەک.




کەرکوک لە نێوان بەرداشی ململانێکاندا.
یادنامە

## بابەگوڕگوڕ
## من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ

هەڵبەستەکانم جۆگەن
چاوەکانت،
سەرچاوەن.
دەستم
پەلوپۆ و لقە
ژیانت، ڕەگ و ریشەن.
بۆ ئاڵای بڵێسەکەت
مەچەکی لاوی
مێژووم.
بۆ ئاسۆی سەنگەرەکەت
خۆری خوێنی
هەڵهاتووم.
بە پێشمەرگەی ڕەشەبام،
کوورەت ئەگەشێنمەوە.
بە برووسکەی
هەوری زام
شەوت ئەڕەوێنمەوە.
دەنگم
لەناو دڵتایە.
ناوم
وا لە شێوەتا.
هەناسەم لە سنگتایە،
هەنگاوم
لە ڕێگەتا.
شێرکۆ بێکەس
دوو گۆرانیی تەواونەکراو




کەرکوک عێراقێکی بچوک نیە ... ل٢
ئەتەکێت ... ل٣
کێک یان زانین ... ل٤
پارێزگاری کەرکوک ... ل٦
سیاسەتی نیشتیمانیانە یان مانەوە لە تونێلەکانی حیزبایەتیدا ... ل٧
لە هەڵەکانی خەڵکەوە فێربووم ... ل١٠
بۆیادی شەهیدێکی هاورێی ڕۆژ سەووزم ... ل١١
هونەرمەند: ڕۆژین حاجی حسێن ... ل١٢
نامە گۆڕینەوەکەی سالم و نالی ... ل١٣
چەند خواردنێک بۆ پاککردنەوەی گورچیلە ... ل١٥
ئەرەستوو ... ل١٦
مێژوو گەواهی دەدات کەرکووک کوردستانیە ... ل١٨
کۆنفرانسی ناوچەیی سێێ کۆمەڵە ... ل١٩



# کەرکوک عێراقێکی بچوک نیە

## لەتیف فاتیح

نەک کەرکوک موسڵیش بەشێکە لەکوردستانی باشورو ویلایەتی موسڵ هەمیشە باشوری کوردستان بووە، ئەوە باسی بەدرەو جەسان و زرباتیەو شارەبان و ئەو شوێنانە هەر مەپرسە، کورد لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە وەک ئەوانی تر سود لەدینی ئیسلام وەربگرێ بۆ خۆ خاوەنی ودینەکەی وەک پیرۆزیەکی ڕەها وەرگرتوە، جگە لەوەش هەرگیز نەیداوەتە سەر شارو گوندێکی ئەوانی ترداو بیانکوژێ و ئەنفالیان بکات و داگیری بکات، بەردەوام پێدەشتەکانی بۆ ئەوانی تر بەجێهێشتووە، ئەگەر کەرکوک عێراقێکی بچوکە ئەی بۆ دڵی کوردستانە، ڕاستی دەبێ ئەو جۆرە قسانە وەڵام بدرێتەوە، جاخۆبەغداش کوردوعەرەب و تورکمان و جوو کلدۆئاشورو هتدی تیایە ئەی ئەوێ کوێی بچوکە تورکیا، یان سعودیە؟؟.

کەرکوک شارێکی کوردستانی سەد دەر سەتە، داگیرکراوە، عەرەباندن و بەعساندن و شیعاندن و تورکاندن و هەموو ستەمێکی تیاکراوە، سەت ساڵ لەمەو بەر بە ڕێژەی نەبوو عەرەبی تیابووە، سەت ساڵە گۆڕانکاری نەرێنی تیا دەکرێت، کورد هەمیشە ئامێزی بۆ بەلەنگازو داماوان کردوەتەوە، بڕۆن لە بەساڵاچوانی شوان و جەباری و زەنگەنە و داوێ و تاڵەبان بپرسن، دواتریش خەڵکی تر بەکەلەگایی و بەپاڵپشتی دەسەڵات هاتون، مرۆڤ لاڵ نابێ گەر ئەم ڕاستیانە بڵێت.

دەربارەی تورکمانی کەرکوک زۆربەیان بەبنچینەو ڕیشە کوردن ئەمە من نایڵێم مێژوو حەقیقەت دەیڵێ، پێنجسەت ساڵ سەردەستی تورک ئەوانی کردوە بە خوێنەوارو مەئمورو بەرپرس زۆرێکیش بۆ پلەو پۆست ڕەگی باوکیان گۆڕیوە، عوسمانی پێنجسەت ساڵ تورکاندنی کردوە، بۆ ئەوە ناوی گوندو شارۆکەو شوێن و ئەوانە شاهیدن، بەرەی تورکمانیش خۆ ئەگەر عێراق مسقاڵێ سەروەری هەبێت دەبێت هەڵیبوەشێنێتەوە، چونکە ڕاستەوخۆ لینکی بەوڵاتێکی ترەوەیەو لەوێ پارەو مەشقوشتی دیکەش دەکات، ئەو وڵاتەش بەردەوام لەسەری دێتە دەنگ و دەستوەردان لەعێراق دەکات، شەرمە دەوڵەت بیت و نەتوانی ڕەگی جاسوسی ئاشکرا نەک شاراوە ببڕیت.

خەڵکی کەرکوک دەتوانن بەیەکەوە بەئارامی بژین پێویستیان بەئامۆژگاری و قسەی زلی کەس نیە، لەو خەڵکە گەڕێن با کەمێ بحەسێنەوە، هەر دڵۆپە خوێنێکی کەرکوکی بڕژێ بە ئەستۆی ئەوانەیە کە ئاژاوە گێڕدەدەن.

سپی میدیا





# ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا

## تەها عومەر

ئەمانە سێ وشەن ڕەنگە لەڕووکەشدا لەیەک بچن ، بەڵام لەماناوەبەستدا جیاوازن ، ئێمە میللەتێکین ڕەنگە دەیان و سەدان و بگرەهەزاران و دەیان هەزاران خاوەن بڕوانامەمان هەبێ، بەڵام بەهەموویان ناوترێ خوێندەوار، بەداخەوە کەئەو قسەیەش ئەکەم ڕەنگە چەندین خاوەن بڕوانامەی بەرزمان هەبێ ، لەهەڵس وکەوت و ڕەفتارو قسەکردندا نەخوێندەوارێک زۆر لەو باشتر بێ ، ئێ خۆ خوێندەوار هەربەوکەسە ناڵێن بزانێ بخوێنێتەوەو بنووسێت ، کە خاوەن ئەتەکێتێک وهەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی جوان و ئوسلوبێکی جوانی قسەکردن نەبێ ، خاوەن مێشکێکی کراوەو ناخێکی جوان نەبێ ، خوێندەواریەکەی و بڕوانامەبەرزەکەشی پوولێکی قەڵب ناهێنێ .

وشەی ڕۆشنبیر یاخود ڕووناکبیر وشەیەکی گەورەو گرانەو لەکەم کەسدا ڕەنگ ئەداتەوەو بەهەمووکەسێک ناوترێ ڕۆشنبیر، بائەوکەسە خاوەن بەهرەیەک یان چەندین بەهرەی بەرزیش بێ، کەسی واهەیە شاعیرە، نووسەرە ، یاخود هونەرمەندێکی ناسراوە ، خاوەنی چەندین کتێب یا چەندین کاروبەرهەمی هونەری وئەدەبی و وەرگێڕان ، پێشانگاو گۆرانی وکاری شانۆو سینەماو دراماو نازانم چی و چیە ، کەچی کەسەیری کردارو هەڵس وکەوتی ئەکەی پێت گوناحە پێی بڵێی ڕۆشنبیر یان بەهرەمەند ، شاعیر، نووسەر، هونەرمەند ، گۆرانی بێژ هەتا دوایی ، هەرلەگەڵ دوو وتار یان شیعرێکی نووسی ، یان کتێبێکی چاپ کرد یان کارێکی هونەریی تۆمارکرد ئیتر لەخۆی ئەگۆڕێ و خۆی بە سوقرات و ئەفلاتوون ناگۆڕێتەوە ، کەئەڕوا بەرپێی خۆی نابینێ و لووتی لەئاسمانە ، کەس لەخۆی بەشاعیرترو نووسەرترو هونەرمەندتر نازانێ ، بێزی نایە لەگەڵ هەمووکەسدا قسەبکاو لەشوێنێکی بەرزەوە سەیری خەڵک ئەکات ، بۆیە بەبچووکی خەڵک ئەبینێ ، ئەوەی بیر چووە کەخەڵکیش لەوبەرزیەوە بەبچوکی ئەو ئەبینن .

ئێمە وەک وڵاتانی دنیاو تەنانەت وەک وڵاتانی دەوروپشتیشمان مرۆڤی ڕۆشنبیرمان بەپێی پێویست نیە، ڕۆشنبیر وەک لەناوەکەیەوە دیارە بەکەسێک ئەڵێن خاوەن ڕۆشنبیریەکی گەورە بێ ، باس لەخەمەکانی کۆمەڵگاکەی بکاو ئازارەکانی ئەوان بنووسێتەوە .

ڕۆشنبیر یاخود ڕووناکبیر کەسێکە خاوەنی مێشکێکی کراوەو ڕووناکە، نەک تاریک و داخراو، کەسێکی سادەو خاکیەو سادەش لەژیان و خەڵکانی دەوروبەری ئەڕوانێ و خۆی لەوان بەزیاترو بەرزتر نازانێ ، خۆی لەشوێنێکدا گۆشەگیر ناکاو خۆی جیاناکاتەوە لەکەس ، تێکەڵاوی خەم وکێشەو ئازارەکانی کۆمەڵگاکەی ئەبێ و بەهی خۆی ئەزانێ ، بەچاوێکی بچووک لەکەس ناڕوانێ ، بەهرەو هونەرەکەی بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکەی دائەنێ نەک بۆ پۆزلێدان و خۆبەگەورەترزانین ، تا ئاستی بەهرەو ڕۆشنبیریەکەی زیاترو بەرزتربێ ئەم سادەو ساکارتر دەرئەکەوێ ، گەر واش نەبوو نە پێی ئەوترێ خوێندەوار، نەڕۆشنبیر، نە بەهرەمەند .



# ئەتەکێت (Etiquette)

## چرۆ ڕەشید قادر

ئەتەکێت واتا هونەری ڕێزگرتن وچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەورووبەر، ئەتەکیەت بەئەنجامدانی هەموو ئەو ڕەفتاروکرداروهەڵسوکەوتانەدەوترێت کە لە لایەن کۆمەڵگەوە، بوەبەکەلتوورویاساوڕێسای باو ولەقاڵبدراو پەسەندکراو، وەک:ئەتەکێتی گفتوگۆکردن و ڕێزگرتن و بازاڕکردن و گەشت کردن وپەیوەندی کردن و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤ......هتد. هەمووکات ڕەفتاری ژیرانە وامان لێ دەکات کە لەگەڵ دەورووبەر پەیوەندییەکی ئەرێنیمان هەبێت و خۆشەویست بین.

خێزانی تەندروست ونەوەیەکی هۆشیار لەسەر بنەمای پەروەردەی باش دروست دەبێت، بوونی ئەتەکێت نیشانەی شارستانییەتی هەموو نەتەوەیەکە واتا پیشاندانی جوانترین پەروەردەی خێزان وکۆمەڵگاکەت، ئەتەکێت کردارێکی فێرکارییە کە پێویستە گرنگی زیاتری پێ بدرێت ، بۆ ئەم کردارەش پێویستمان بەهاوبەشی کردنە لە نێوان خێزان وناوەندە پەروەردەییەکان یەکەمین ناوەندی پەروەردەیش کە منداڵان تیایدا پەروەردە دەکرێن دایەنگەو باخچەی منداڵانن کە هاوشان لەگەڵ خێزان وکۆمەڵگە ڕۆڵێکی گەورەوگرنگ وڕاستەوخۆ لەپەروەردەکردنی منداڵان دەگێڕن تەواوکاریی لەنێوان پەروەردەی خێزان و باخچەی منداڵان یان هەر قۆناغێکی فێربووندا کارێکی پێویستە بەڵام لەقۆناغی پێش قوتابخانە زیاتر گرنگە بەتایبەتی قۆناغی باخچەی منداڵان، مەبەستیشمان لە تەواوکاریی نیوان خێزان وباخچە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان خێزان ومامۆستایە بەئاڵوگۆڕکردن و ڕاوێژو وەرگرتنی شارەزاییە چونکە هەردوولایان تەواوکەری یەکترن هەمان ئامانجییان هەیە دەتوانن هەردوولا ڕووبەڕووی تەواوی ئەو ئاستەنگی وکێشانە ببنەوە کەتووشی منداڵان دەبن وبنەماکانی ڕەفتار دەنەخشێنن تەندروستی ودروستی دەروونیی دەستەبەردەکەن ئەمەش بەبوونی پەیوەندی بەهێزی نێوانیان و بوونی متمانە دروست دەبێت .فێرکردنی ئەتەکێت لەباخچەی منداڵان گرنگە لەبنیادنان و پێشخستنی ڕەفتارە ئەرێنییەکان کەبەهۆیەوە منداڵان فێری ڕێزگرتن لەکەسانی تردەبن و دەبێتە هۆی پەرەپێدانی توانا کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی ئەتەکێتەوە منداڵان کارلێکی کاریگەرانە لەژینگەی کۆمەڵایەتیدا بکەن، لەهەمان کاتتدا دەبێتەهۆی متمانەبەخۆبوون و وایان لێ دەکات هەست بەسەربەخۆیی بکەن، بەشێوەیەکی کاریگەر کارلێک لەگەڵ جیهانی دەورووبەریان بکەن، لەبەرئەوە پێویستە هەڵوەستە لەسەر هەمووجۆرە فێربوونێک بکرێت لەقۆناغی باخچەی منداڵان بۆبەرهەمهێنانی تاکێکی ئەرێنی وتەندروست ئەتەکێتیش خاڵی دەستپێکە و یارمەتی دەرە بۆگەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ و ئامادەکردنی تاکی بەسودو ڕاهێنراو بۆناوکۆمەڵگە.



ئاهەنگی رۆح

لەناو دڵما جۆگەم هەڵبەست کاتێ عەشق ئاوی هانی
لەگەڵ رۆحما ئاهەنگم گرت ئەو سەردەمەی بە تۆی زانی
لەسەر دەستی تۆدا تۆبەم لە دنیاکرد هاتمە سەر رێت
بووم بە قوربانی ئەوینێک سەرابێک بوو من نەمزانی
دوێنێ کۆڕی دیوەخانم پڕ دەروێشی سەودا سەر بوون
یەکێ نای ژەن یەکێ سەنتور یەکێ بە دڵ چریکانی
ئەوایەک بوو گڕی عەشقی ناو خانەقای لێدەباری
کۆڕم مات بوون بە دڵ گریان دەف شەهید بوو لە لێدانی
وتم پیران دەخیلتانم ئەڵقەی ماتەم دەوریان گرتووم
بۆ بەد بەختی ناوچەوانم لەگەڵ فیراق ئەخشی هانی

خالید مجید فرج

# پووکانەوە

## ستار ئەحمەد



لەگەڵ دڵۆپی باران و
بای رەحمەتا
گەر دەرکەوی
تۆ دەبیتە گزنگی خۆر
منیش زەوی
خاتوونەکەم
نازانم تاریکی شەوی
یان تارمایی
نسێی رۆژی
هەموو ساتێك
تاسەی دووری
خۆزگەی ژوان و
بەرگی غوربەت و

تەنیاییم
پێ دەفرۆشی
ساتەکانمان
ژەنگاوی بوون
رۆژەکانمان
قەدیان وەری
تۆ بوویتە داری پاییزو
منیش چرۆو
لاسکم وەری
ژوانگەکان
کوێربوونەوە
یادگارەکان سرانەوە
نەدەروونت
بووە بەهار
نەلێوی گوڵێکی عەشقمت
بۆ جێ ژوانێك ژیانەوە.

# کێک یان زانین (ونبوونی شوناسی کورد لە زانکۆدا)

## ن: د.کامەران محەمەد



لەبەرنامەیەکی دیاری کەناڵێکی ئاسمانییدا، کە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە "کورد کێیە؟" بووە تەوەری وتووێژەکانی نیوان دوو میوانەکە! دیارە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە هەڵوێستی جیاواز لە سەر هەریەکێک لەو دوو میوانە بەشێوەیەکی بەرفراوان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی پڕ کرد، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە - وەک مامۆستایەکی زانکۆ- جێگەی پرسیار بوو، وەڵامی ئەو فێرخوازانە بوو، کە لە دەرچووانی بەشی مێژووی زانکۆ بوون! ئەوان لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئێوە چوار ساڵ مێژووی کوردتان خوێندووە، ئایا دەزانن بنەڕەتی کورد کێیە؟! دیاربوو کە وەڵامەکەیان نەدەزانی و وەڵامیان دایەوە: (نەخێر، لە زانکۆدا ئەوەمان پێ نەوتراوە)! ئەم وەڵامە سەرسوڕهێنەرە، حیکایەتە بەناوبانگەکەی شاژنی فەرەنسا ماری ئەنتوانیەتی بیرخستمەوە، کە گوایە پێشنیاری بۆ جەماوەرە ڕاپەڕیووە برسییەکەی پاریس کردبوو، "بۆچی ئەگەر نانتان نیە، کێک ناخۆن؟" لێرەدا وەڵامی ئەم فێرخوازانەش لەیەک کاتدا کۆمیدیی و هەم تراژیدیی بوو، ئایا بەڕاستی مامۆستایانی زانکۆ وەک شاژنە بەدبەختەکە ئەوەندە لە جیهانی فێرخوازەکانیان دابڕاون؟ !

پرسی فێرکردن :

مرۆڤ دەبێت پرسیاری ئەوە بکات، ئایا کێشەکە لە مامۆستاکاندایە یان فێرخوازان؟ ئایا مامۆستایانی زانکۆ لە گەیاندنی زانیارییە بنەڕەتی و گرنگەکان بە شێوەیەکی ڕوون و سەرنجڕاکێش و زانستی ورد شکستیان هێناوە؟ یان هەر بەڕاست ئەگەر مامۆستایانی زانکۆ سەرقاڵی وتنەوەی ئەو وانە گرنگانە نەبن، دەربارەی ڕەگ و ڕیشە و بوونمان، ئەی کەواتە ئەوان لە زانکۆدا سەرقاڵی چین؟! یان ئەوە فێرخوازانن کە پێیانوایە زانکۆ شوێنی هەموو شتێکە تەنها زانست نەبێت؟ بۆیە ئامادەنین تەنانەت چەند خولەکێک لە کاتی پیرۆزی سەر مۆبایلەکانیان بە زانستە وشکە بێنرخە زانکۆییەکەیان ببەخشن! هەربۆیە پێیان باشە لە (جەهلێکی بەختەوەر) نەک ( زانستێکی ماندوکەر)دا بن؟

بیهێنە بەرچاوت مامۆستایەکی فیزیا لەبری ئەوەی یاساکانی جووڵە بۆ فێرخوازەکانی ڕوون بکاتەوە، تەواوی وانەکەی بە بیرهێنانەوەی ڕۆژە خۆشەکانی ژیانی خۆی لە زانکۆدا بەسەر دەبات. یان مامۆستایەکی مێژوو کە تەنیا سەرنجی لەسەر بابەتە تەقلیدییە لاوەکییەکان و لاپەڕەی مەلزەمەکان بێت، بەڵام تەواوی پرسە مێژووییە بنەڕەت و گەورەکان فەرامۆش بکات. ئەگەر فێرخوازەکان بەبێ تێگەیشتنێکی ورد لە بابەتە بنەڕەتییەکان ئەم پۆلانەیان جێهێشت، ئایا ئەوان دەبنە چ جۆرە دەرچوویەکی زانکۆیی؟

ڕۆڵی مامۆستای زانکۆ :

کاری سەرەکی مامۆستای زانکۆ فێرکردنی زانستە - کە هەوڵدان بۆ گەیاندنی ڕاستییەکان تێدەپەڕێنێت - واتە بریتییە لە ئیلهامبەخشین بۆ سەرچڵیکردن و بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و هاندانی فێرخوازان بۆ ئاشکراکردنی قووڵایی ئەو بوارانەی کە هەڵیانبژاردووە. بەڵام ئەگەر پرۆفیسۆرەکان زیاتر خەمی مووچە و پارەی بەشەوانەی زیادە و پاداشتی وتوێژی نامەکان و سەردانی زانستی زیاتر و پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان وەک مامۆستای زانکۆ بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە خوێندنی زانکۆیی لە ڕووی جۆرێتییەوە پاشەکشەی گەورە دەکات ( تەواو وەک ئێستا) .

بیر لە پرۆفیسۆرێک بکەرەوە، کە ئەوەندەی لە خەمی پڕکردنەوەی فۆڕمی وانەکانیدایە، نیو ئەوەندە بیر لە ئامادەکردنی وانە زانستییەکانی ناکاتەوە! تەنانەت هەندێ مەلزەمە خەریکە وەک کتێبە پەڕە زەردباوەکانیان لێدێت و هیچ ڕۆحێکی تازەیان بەبەردا ناکرێتەوە! یان بیر لەوە بکەرەوە ئەوەندەی هەڵپەی سەر کورسی کۆنفراس و پانێڵەکان دەکەن، نیو ئەوەندە بیر لە ڕاهێنانی زانستییانەی خوێندکاران ناکەنەوە! تەنانەت زۆرجار بۆ قەڵەباڵغکردنی هۆڵی کۆنفرانسەکان وانەی زانستی فێرخوازەکان دەفەوتێنن و وەک بابەتێکی گرنگی زانستیش پێیان دەفرۆشنەوە! دەرئەنجامەکەی ئەوەیە نەوەیەک دەردەچێت و لە سەرەتاکانی زانستەکان تێنەگەیشتوون و کاتێکیش پرسیاریان لێدەکرێت و بەڕاستگۆیی وەڵام دەدەنەوە، ئەوا بەسەرسوڕمانەوە سەرزەنشت دەکرێن!

بەرپرسیارێتی فێرخواز :

بەدڵنیاییەوە هەموو بەرپرسیارێتییەک لە ئەستۆی پرۆفیسۆرەکاندا نییە. فێرخوازانیش بەرپرسیارن لە بەشداریکردن و خۆ توێشوودارکردن بە زانین و زانستەکان.

بیهێنە بەرچاوت فێرخوازێک کە بە هۆش یان هەندێجار بە جەستەش وانەکان بەجێدەهێڵێت، هەرگیز خۆی ماندوناکات و لە چوارساڵی تەمەنی زانکۆییدا ئەو کتێبانەی کە بەتەواوی دەیخوێنێتەوە لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن و ڕۆژانە سەرقاڵی هەموو شتێک دەبێت، جگە وانە ڕۆژانەییەکان!

بۆ تاقیکردنەوەکانیش تەنها سەرباسی پاوەرپۆینتەکان دەخوێنێتەوە، بەڵام بەبێ تێگەیشتن! لێرەوە چاوەڕوان کراو دەبێت، کە ئەم فێرخوازە نەتوانێت تێگەیشتنێکی قووڵ لە هیچ بابەتێکدا بەدەستبهێنێت، هەرچەندە مامۆستاکەی لەباڵاترین ئاستی زانستیشدا بێت.

لێرەدا جێی خۆیەتی کە ئەو ڕاستییە بڵێیین، کە ئەم دۆخە پەیوەست نیە بە زانکۆ یان ناوچەیەکی دیاریکراوی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو ئەم دەردە وەک خوێنهێنەرەکان بە تەواوی جەستەی ئەکادیمیادا بڵاوبووەتەوە! جا ئەگەر تەواوی وڵاتان گرنگییەکی لە ئەندازە بەدەر بە پرسی بنەڕەت و شوناس و مێژوو بدەن، ئەوا دەبێت ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان زیاتر پەی بە گرنگی ئەو پرسە ببەن و بەتەواویش کراوەبن بۆ هەموو تەرز و بیرۆکە و بۆچوونە جیاواز و نوێیەکان! چونکە بەڕاستی کورد (پێویست)ی پێیەتی و هاوکاتیش (شایەنی ) ئەو گرنگیپێدانەیە .

لە کۆتاییدا، کێشەی نەزانینی وەڵامی کورد کێیە لەلایەن دەرچووانی بەشی مێژووی زانکۆکانی کوردستانەوە، هەم لێدوانێکی گاڵتەجاڕانە و هەم ڕەخنەییانەیە لەسەر دۆخی زانست و ئەکادیمیا. ئەوە زەنگ و بانگەوازێکی بێدارکردنەوە بوو، بۆ مامۆستایان کە بەخۆیاندا بچنەوە و زیاتر خۆیان بۆ بەرپرسیارێتی و پیشەکەیان یەکلابکەنەوە و فێرخوازانیش ئەرک و فێربوونیان بە جددی وەربگرن. تەنها لە ڕێگەی هەوڵ و کارە هاوبەشەکانەوە دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە نەوەکانی داهاتوو بە باشی ئاگادار و توێشودار دەبن و لەگەڵ بەرپرسیارێتییەکانیاندا کارلێک دەکەن و شانازی بە شوناسییانەوە دەکەن .

کەواتە، بۆ هەموو پرۆفیسۆرەکانی مەملەکەتی ئەکادیمیا: واز لە پێشنیارکردنی کێک بهێنن و دەست بە پێشکەشکردنی زانین و زانست بکەن. بۆ فێرخوازانیش:ماڵئاوایی لە بێباکێتی و کات بەفیڕۆدان بکەن و کتێبێک هەڵبگرن، وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ڕووبەڕووتان دەکرێتەوە چاوەڕوانی گەڕان و ماندووبوونەکانی ئێوەیە .



# وادەکەی سودانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی خۆجێی کەرکوک کۆتایی دێت

سبەینێ کۆتایی بەو وادەیە دێت کە لەلایەن سەرۆکوەزیرانی عێراق، بۆ هەڵبژاردنی پارێزگار و پێکهێنانی حکوومەتی خۆجێی لە پارێزگای کەرکوک دیاری کراوە.

راپۆرت:KNNC

سبەی یەکشەممە ( 11ی ئاب)، کۆتایی بەو وادەیە دێت کە لەلایەن محەمەد شیاع سودانی سەرۆکوەزیرانی عێراق، بۆ هەڵبژاردنی پارێزگار و پێکهێنانی حکمەتی خۆجێی لە پارێزگای کەرکووک دیاری کراوە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە هێشتا لایەنەکان لەوبارەیەوە نەگەیشتوون بە ڕێککەوتن.

رۆژی 18ی کانونی یەکەمی ساڵی 2023، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجام درا.، پرۆسەکە دوای 10 ساڵ لە عێراق و دوای 18 ساڵ لە پارێزگای کەرکوک ئەنجامدرا.

ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک، بەشێوەیەکە کە هیچ پێکهاتەیەک ناتوانێت بەتەنها حکومەتی خۆجێی پێکبهێنێت.

لە 11 تەمموزی 2024، یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بە ئامادەبوونی هەر 16 ئەندامە هەڵبژێردراوەکەی بەڕێوە چوو کە تیایدا ڕاکان جبوری وەک بە تەمەنترین ئەندامی ئەنجومەنەکە سەرۆکایەتی دانیشتنەکەی کرد.

ئەو 16 کورسییەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بریتیین لە پێنج کورسی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوو کورسی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، سێ کورسی بۆ هاوپەیمانی عەرەبی کەرکووک، دوو کورسی بۆ لیستی قیادە، یەک کورسی بۆ هاوپەیمانی عروبە، هاوکات دوو کورسی بۆ بەرەی تورکمانیی و یەک کورسی کۆتاش بۆ کریستیانەکە.

لە ماوەکانی رابردودا سودانی، بە جیا لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لە پێکهاتەکانی کورد، عەرەب و تورکمان کۆبوەوە و داوای لە لایەنەکان کرد، تا رۆژی 11ی ئەم مانگە لەبارەی هەڵبژاردنی پارێزگار و پێکهێنانی حکومەتی خۆجێی بگەنە ڕێککەوتن.

هەروەها لە کۆبنەوەکاندا، سەرۆکوەزیرانی عێراق جەختی کردەوە لەگرنگی تەواوکردنی پێکهێنانی حکوومەتی خۆجێیی و کۆدەنگی نێوان نوێنەرانی پێکهاتە برایەتییەکانی پارێزگاکە و رایگەیاندبو: "نابێت هیچ پێکهاتەیەک لە کەرکوک لە مافی بڕیاردان بێ بەش بکرێت".

هاوکات ڕۆژی چواری ئەم مانگە، حەسەن شێخانی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، رایگەیاند، لەگەڵ سودانی کۆبونەوەیەکی ئەرێنییان هەبوە و پێشنیازی ئەوەیان کردوە، حکومەتێک پێکبهێنرێت دەنگ و ڕەنگی هەمووان بێت و خزمەتی شارەکە بکات و ئەو جیاوازییەی هەیە نەمینێت و هاوسەنگی دروست بکرێت، بۆ پارێزگاریش ئومێدی خواستووە بتوانن پێش وادەی یاسایی ئەو پرسە یەکلایی بکرێتەوە.

هاوکات یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وەرگرتنی پۆستی پارێزگار بە مافی خۆی دەزانێت، بەو پێیەی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لە کۆی 16 کورسی ئەنجومەنەکە، پێنج کورسی بەدەستهێناوە.

پێشتر ئەرشەد ساڵحی سەرۆکی فراکسیۆنی تورکمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رایگەیاندبو، پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لایەنی سیاسی عەرەبی بەئەرێنییەوە سەیری پێشنیازی تورکمان دەکەن سەبارەت بە دەستاودەستکردنی پۆستی پارێزگاری کەرکووک لەنێوان پێکهاتەکاندا.

لای خۆیەوە عەزام حەمدانی سەرکردە لە بەرەی عەرەبی یەکگرتو رایگەیاندوە کە پێکهاتەی عەرەبی لەگەڵ دەستاودەستکردنی پۆستی پارێزگاری کەرکوک لەنێوان پێکهاتەکاندا، نییە.



وتیشی: دەمانەوێت بۆ خولێکی تەواو پۆستی پارێزگاری کەرکوک بۆ ئێمە بێت، نێومالّی کورد و تورکمان پێشنیازیان کردووە کە پۆستەکە بە نۆرە لەنێوان پێکهاتەکاندا دەستاودەست بکرێت، ئێمە وەکو پێکهاتەی عەرەبی لە بەڕێوەبردنی شارەکە سەرکەوتو بوین".

بەپێی بڕگەی حەوت لە ماددەی حەوت لە یاسای پارێزگا نارێکخراوەکان، دەبێت لە ماوەی 30 رۆژ دا لە ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی پارێزگا، پارێزگار بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەن هەڵبژێردرێت، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ئەگەر لایەنەکان خۆیان ئەو پرسەیان یەکلایی نەکردەوە، ئەوا دادگای باڵای فیدراڵیی ئەو پرسە یەکلایی بکاتەوە.

سایتی KNN



# دوو ئەرکی سەرەکی حکومەت

## کەنار قاسم

ئەرکەکانی حکومەت لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا جیاوازن. بەڵام دوو ئەرکی سەرەکیی حکومەت هەیە لە رێگەیانەوە سەقامگیری کۆمەڵگە بەدەست دێت و ئەوانەش کۆنترۆڵکردنی ئارامی و کۆنترۆڵکردنی نرخەکان.

سەبارەت بە کۆنترۆڵی ئارامی، دەتوانرێت ئەدای حکومەت لە رێگەی سێ نیشاندەری سەرەکییەوە بپێورێت.

یەکەمیان بڵاوبوونەوەی دەوریەی ئەمنی لە شەقامەکان و سوڕانەوەیان لەناو هاووڵاتیاندا بە شێوەیەک تاک لەناو کۆمەڵگەدا دڵنیا بکاتەوە پارێزراوە.

دووەمیان ئەدای خزمەتگوزارییە ئەمنییەکانە لە رووبەڕووبوونەوەی کەسانی دەرەوەی یاسا و مامەڵەکردنیان بە توندی و دەستگیرکردنیان و هێنانە بەردەم دادگا.

سێیەمیان دادگاییکردنی تەواوەتی ئەوانەی دەرەوەی یاسا و سەپاندنی سزای رێگریکردن بەسەریاندا. بەم شێوەیە ئاسایش و کەمکردنەوەی تاوان لە کۆمەڵگەدا بە جۆرێک دێتە دی کە چەرخی بەرهەمهێنان بخولێتەوە. کۆمەڵگە دەبێتە سەرنجڕاکێش بۆ سەرمایەگوزاری و بەرهەمهێنان زیاد دەکات.

سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی نرخ، دەتوانرێت ئەدای ئیدارەی حکومەت لە رێگەی سێ پێوەری سەرەکییەوە بپێورێت.

یەکەمیان دابینکردنی کەشی ئابوورییە کە کێبڕکێیەکی تەواو لە نێوان هەموو بەرهەمهێنەران و هاوردەکاران و بازرگانەکاندا بەدەستدەهێنێت، بەتایبەتی لە کاڵا و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکاندا.

دووەمیان چاودێری توندی حکومەتە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەر قۆرخکارییەک یان رێکەوتنێکی قۆرخکاری و هێنانە دادگای قۆرخکارەکان بۆ سزادان و رێگریکردن.

سێیەمیان چاودێری بەهێزی حکومەتە بۆ پاراستنی راستەقینەی بەکاربەر(هاووڵاتی) لە ساختەکاری و فریودانیان و دەستکاریکردنی نرخ. بەم شێوەیە ئاسایشی ئابووری کۆمەڵگە و خۆشگوزەرانی هەموو ئەندامەکانی بەدی دێت.

لە کۆتاییدا ئەم دوو ئەرکە سەرەکییەی حکومەت یەکتر تەواو دەکەن ، پێکەوە ئارامی خەڵک و ئابووری کۆمەڵگە بە شێوەیەک بەدەست دەهێنێت کە سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەدیبهێنێت.

سایتی کوردستانی نوێ

# پارێزگاری کەرکوک .. هیواو ... خەونەکان



هیوا حسن

لەسەروبەندی دەستبەکاربونی پارێزگارێکی کورد لەکەرکوک دیسانەوە شەقامی کوردی لەم شارە دابەش بوونە بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەک، بەرەی یەکەم پێی وایە ئیتر کەرکوک ئەرواتە قۆناغێکی نوێوەو دۆخی کەرکوک سەد دەر سەد لەبەرژەوەندی کورد ئەبێت و چیتر کورد ئەبێتە خاوەنی ئەم شارە، بەڵام لایەنی دووەم پێی وایە لەم رێکەوتنەی فندق رەشید کورد گوڵی لێ کراوەو لەبەرامبەر پۆستی پارێزگار زۆربەی هەرە زۆری پۆستەکانی دیکە لەکورد وەرگیراوەتەوە بۆیە پارێزگار بەتەنیا ناتوانێ هیچ بکات .

بەڵام من بەپێچەوانەی ئەو دوو رایە بۆچونێکی دیکەم هەیە ، بۆ رونکردنەوەی بۆچونەکانیشم پێویستە هەڵوێستەیەک لەسەر کێشەکانی ئەم شارە بکەین.

سەرەتا من پێم وانیە مادام پارێزگار کوردە ئیتر کێشەکانی کەرکوک لەچاوتروکانێکدا چارەسەر ئەبن و رێبوار تەها بەئاسانی تێیان ئەپەرێنێ، بۆ زیاتر تێگەیشتن لەکێشەکان ئەکرێ پۆلێنیان کەین بەسەر سێ رەهەند کە ئەمانەن:

1 ـ رەهەندی یەکەم کێشەی رۆژانەی خەڵکە کەخۆی لە خزمەتگوزاریە سەرەتایەکان ئەبینێتەوە وەک پاک و خاوێنی ناوشار و کەمکردنەوەی پارەی مولدەو ..... هتد

2 ـ رەهەندی دووەم هەندێ کێشەی مێژووییمان هەیە ئەویش کێشەی یاساییە کە لە رژێمی بەعسەوە بۆمان ماوەتەوە وەک دەستبەسەراگرتنی زەوی کشتوکاڵیەکانی کوردو تورکمان کە بە یاسا خاوەندارێتی خراوەتە سەر دام و دەزگاکانی حکومەت ، هەر بۆیە ئەم کێشانە لەرێگای یاساوە لەپەرلەمان ئەتوانرێ چارەسەر بکرێت.

3ـ رەهەندی سێیەم کێشەیەکی دیکەمان هەیە کە ئەوە بەباوکی کێشەکان ئەناسرێ ئەویش کێشەی خاکە کە لەنێوان هەرێم و بەغدا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە ، بۆ ئەو مەبەستەش مادەیەک لەدەستور جێگیرکراوە بەناوی مادەی 140 ، واتا ئەمە کێشەی دوور مەودایە و بەچەند قۆناغێک چارەسەر ئەکرێت.

لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە پارێزگارە کوردەکە ئەتوانێ خاڵی یەکەم کە خۆی لەخزمەتگوزاریەکان ئەبینێتەوە لانی کەم لە 80% چارەسەر بکات کە راستەوخۆ پەیوەندیدارە بەژیانی تاکی خەڵکەوە.

خاڵی دووەم کە کێشەی یاساییە جەنابی پارێزگا لەدەسەڵاتی نیەو ناتوانێ دەستێوەردان بکات لەکارە یاسایەکان ، بەڵام ئەتوانێ فشارەکانی سەر جوتیاران کەم بکاتەوە کە لەلایەن وەزارەتەکانی دارایی و بەرگری کە خاوەندارێتی ئەو موڵکانە ئەکەن ، هەروەها ئەتوانێ تیمێکی یاسایی پێک بهێنێت بۆ بەدواداچون و دۆزینەوەی رێگا چارەیەک کە بتوانێ کێشەکان یەکلایی بکاتەوە لەگەڵ ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن بەو بابەتەوە.

خاڵی سێیەم کە تایبەتە بە دەستورەوە، پارێزگار رەنگە بتوانێ لەرێی لیژنەی مادەی 140 هەروەها لەرێگای نوێنەرانی کورد لەبەغدا هەوڵ بدەن جێبەجێ کردنی ئەو مادەیە خێراترکەن ،ئەگەر نا پارێزگار دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نییە.

لێرەوە ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی کەنابێ ئەوەندە خۆشخەیاڵ بین کە پارێزگار لەم ماوە کورتەدا ئەتوانێ تەواوی کێشەکان چارەسەر بکات ، یان ئەوەندە بێ هیوابین کەپێمان وابێ پارێزگار رۆبۆتێکی بێ دەسەڵاتەو هیچ لەدۆخەکە ناگۆڕێت، بۆیە جارێ زووەو ناتوانین هیچ بریارێکی لەسەر بدەین بەباش یان خراپ، داهاتوو ئەوە ئەسەلمێنێت.

سپی میدیا

# دوو نیگاری شیعری

ڕەووف محەنەد ئالانی



١- تۆ
تۆ شنەی شەماڵی
لەناو گەرمای
وەرزی هاوین،
دڵ و گیانم
فێنک دەکەیتەوە.
هەرچی خەمی
ڕابردووە،
لایدەبەیت و
دەیشۆیتەوە.
قەدی درەختی
عەر عەری
ئامێزو باڵات
بۆ لاولاوی
خەونەکانم
کردۆتەوە.

٢- ئاوێزانبوون
ئەمەوێ لە ژێر چەتری باڵاتا
بۆ چەند ساتێ ئارام بگرم،
هەرچی حەزی دڵی شێتمە
پێشکەشتیکەم،
ئاساییە، پێشی بمرم.
نیگای مەستت
من دەخاتە ناو شەپۆلی
دەریای چاوت،
هیچ کەنارێ بەدی ناکەم
جگە لە عەشقی تۆ و
خۆشی ناوت.
تۆ دەبیتە گۆچانێکی
فریاد ڕەسی
شەوگاری، وێڵ و تارم
سۆزی دەنگت خەمڕەوێنە
دەبێتە ئاوازی سازو تارم .

# سیاسەتی نیشتیمانیانە یان مانەوە لە تونێلەکانی حیزبایەتیدا؟

ئەحمەد حەمەساڵح



سەرجەم تاکی کوردی بە ئاستە جیاوازەکانییەوە، تاکۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و تەنانەت لایەنە سیاسیەکانیش هەمووان کۆکین لە سەرئەوەی کە گشت کێشە وتەگەرەکانی ژیان بەهۆی هۆشیاریەکی پڕ لە زانستی سیاسی، ئابووری،یاسایی،کارگێڕی و کۆمەڵایەتی، لە نێو بازنەکانی ڕاستگۆیی،دڵسۆزی وخەمخۆری، چارەسەر دەکرێن ،هەر لەو ڕێگەیەشەوە ئیستاو ئایندەیەکی گەشی نیشتیمانی بنیات دەنرێ.

سەرەتاش بۆ چونە نێو کرۆکی بابەتەکەمان پێویستە، ئەو ڕاستیە بیربخەینەوە، کە لە هەرسنوور و بارودۆخ و لە چوار چێوەی هەر ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودا بێت، سیاسەتکردن لە پێناو ئاراستەکردنی ڕێبازی زانستیانەی دەسەڵاتداریەتیە، کەواتە ڕاستیشە کە بوترێت لە بازنەکانی دیموکراتیەتدا سیاسەت هونەری پەیوەندی و خۆگونجاندن وکاری پێکەوەییە، لەو سۆنگەیەشەوە ئیستاو ئایندەیەکی خۆشگوزەرانی نەتەوەیی و نیشتیمانی دابیندەکرێت.

هەروەها وەک زۆرێک لە کارەکتەرە حیزبیە تەقلیدیەکان، تاقمگەراییەکان و بازرگانە سیاسیەکان دەڵێن، دەرئەنجامی سیاسەت بەکردارکردنی بەرنامە و بیرو باوەڕو ڕێبازێکە، بۆ گەیشتن بە سەربەخۆی دەسەڵات، ئەوە ڕاست و درووست و بەجێشە، کەبوترێت گەشە و پێشکەوتن و بنیاتنان بەری ڕەنجی هۆشیاری و زانستی سیاسەتێکی ڕۆشنە، ئەمەش لە دەرئەنجامی تۆکمەیی بنچینەکانی پێکهێنانی، ئابووریەکی بەهێز، کارگێڕییەکی پڕ زانستی مرۆڤایەتی، دادوەری کۆمەڵایەتی وسەروەری یاسا دێتەکایەوە، بەپێچەوانەشەوە لە دەرەوەی بازنەکانی دیموکراسی و لە نێو چەقبەستوویەکانی ناڕونی، نادادی و نائارامیەکانەوە، برەو بە سیاسەتە چەواشەکاری و قورخکاریان دەدرێت.

لێرەدا پێویستە بۆهەموان وتایبەتتر بۆخۆژێنە سیاسیەکان وسیاسەتبازە کۆن و نوێکان، ئەو ڕاستیە بیربخەینەوە ، کە دەڵێن سیاسەت لە بونی ناکۆکی نێوان چینەکانەوە دروستبووە، بە درێژای مێژووی فەرمانڕەوایەتیەکان و داگیرکاریەکان، تابەرگریکارانی ئایدۆلۆژیاکان، پارێزەرانی سەرداریەتی حیزب وئاڵا هەڵگرانی هزرو بیرە مرۆڤایەتی ونەتەوەیی ونیشتیمانیەکانیش، بەردەوام لە خەبات و ململانێدا بوون و دەبن، لەهەمان کاتدا پێویستە ئەو ڕاستیەش بزانرێ و بسەلمێنرێ، کە لە ئەمڕۆی دنیای جیهانگیریدا،ئەگەر سیاسەت بە دەریایەکی فراوان وقوڵ بشوبهێنرێت،ئەوا کارەکتەرە پێشەنگەکانی دەبێت بەشارەزایی، کارامەیی و زانیاریەوە، لەژێر چەتری ئایدۆلۆژیای ئایدۆلۆژیاکاندا مەلەی تیادابکەن، سیاسەتی دروستیش هەست کردنە بە لێپرسراوێتی، کەلە ڕێگەی مافەکانی مرۆڤ و چەمکی هاوڵاتیبوون و بنیاتنانی ئیستاو ئایندەوە،خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات، نەک لە ڕێگاکانی بەحیزبی کردنی کۆمەڵگاوە، کەلەتەمەنی بەتەمەنترین حیزبمانەوە، لەفراوانی بازنەکانی حیزبگەرایی ، تاقمگەرایی،ناوچەگەرایی، خێڵگەرایی، بنەماڵەگەرایی،نەک هەر هۆشیاری پەروەردەییە مرۆڤایەتی، نیشتیمانی ، یاسایی وتەنانەت ژینگەیەکانیش نزم ولاوازن، بەڵکو زۆرێک لە ئەندام ولایەنگری حیزبەکان هۆشیاریشیان لەسەر بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەکانیان سنورداره، بەداخەوە هەتا ئیمڕۆش سیاسەتبازان بوغز و ڕق و قینی حیزبایەتیان کردۆتە پێوەری هۆشیاری .

ئەگەر ئەو باسەی سەرەوە بکەینە پێگەیەک بۆ خوێندنەوەی ڕەوشە سیاسیەکانی دوێنێ و ئیمڕۆمان، ئەوە پێویستە لاپەڕەکانی مێژوو،بەتایبەت لەنیوەی دوەمی سەدەی بیستەمەوە، لەتێڕوانین ودیدێکی نیشتیمانیەوە بخوێنینەوە، دەرئەنجام دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازیمان، لەقۆناغەکانی خەباتی شاخدا، لەبری گوتاری نیشتیمانیانە، گوتاری حیزبایەتیان زاڵترکردبوو، بەداخەوە لە ڕاپەڕینە جەماوەریەکەشدا، نەک هەر ڕاستگۆنەبوون لەگەڵ یەکتری، بەڵکو لە پشتی گوتارە نیشتیمانیەکانەوە،

لەکەمیندابوون بۆ باڵابوونی ئەجێندا حیزبایەتیەکانیان، هەربۆیە درێژەدرا بە قۆناغەکانی حیزبگەرایی وتاقمگەرایی، تالە قۆناغی حوکمڕانی خۆماڵیشدا هەروەک ڕابردوو، مێژوویەک لە خوێن، خیانەت، خاکفرۆشی، خۆخۆری و نائەخلاقێتی سیاسی تۆمارکرا، لە بەردەوامی وفراوانبوونی یەکترقبوڵنەکردنەکانەوە، نەتوانراو ناتوانرێ مێژوویەکی کاری نیشتیمانیانەتۆماربکرێ، بیرەوەرییەکان ولاپەڕەکانی مێژوو پێمان دەڵێن، کە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١و لە دوای پرۆسەی ڕزگاری عێراقیشەوە لە ٢٠٠٣دا، کە دوو زەمەنی نوێ ودوو واقیعی نوێ بوون، حیزبە سیاسیەکانمان لەپێناو بە دامەزراوەیبوون، سەقامگیری وبونیادناندا، لە ئاستی بارودۆخەکاندا نەبوون، هەر بۆیە لە ئیمڕۆماندا، لە ژێر چەتری باڵابوونی ئینتیماکانی تاقمگەرایەتی و لە بەردەوامی ڕەوشە قەیراناویەکاندا، نەک هەر حکومەتی هەرێم بەرەو بچوکبوونەو و لەقاڵبدان براوە، بەڵکو کاروانە نیشتیمانیەکەی کوردایەتیش لە پاشەکشیەکی مەترسیداردایە.

وەرن با لەگۆشەیەکی ترەو شرۆڤە بکەین، ئەگەرنوێبوونەوە و گۆڕانکاری هەر نەوەیەک بە دەساڵ ئەژمار بکرێت ، ئەوا ئیمە چەند دەیەیە،هەر لەبازنەکانی چەواشەکاری وئەقڵیەتی یەکترشکاندن دەخولێینەوە،بەردەوام پانتایی بازنە داخراوە دەمارگیرییەکان تاریکترو سامناکتر ئەکرێن،لە دوای نۆ کابینەی حوکمڕانی،ساڵ لەدوای ساڵ لەبری گەش و پێشکەوتن و بنیاتنان دەگەڕێینەوە دواوە، نمونە بێزراوەکانی ڕابردوو لە بەرگێکی نوێدا پیشانی نەوەی نوێ ئەدرێتەوە .

لە ئیمڕۆی دنیای کرانەوە و دیموکراتیەتدا، دابینکردنی هەموو هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی ودامەزراندنی پایەکانی ئابووری و کارگێڕییەکی نموونەی، پێوەرن بۆ شکۆمەندی نیشتیمان وحوکمڕانیەکی سەرکەوتوو، بەڵام لەلای ئێمە هەتا ئیمڕۆش حیزب و حیزبایەتیمان، هەر لە سەر فۆرمە تەقلیدیەکەیە، کە پێویست بوو بە گۆڕانی شوێن وکات وئەرکی نوێ گۆڕانی بەسەردا بهاتایە،سەیرکەو بەراوردبکە چۆن لە ئیمڕۆی دنیای پێشکەوتندا، لەبری چەمکەکانی دیموکراتی، هاوڵاتیبوون و بەنیشتیمانیبووندا، لە گەمەی حکومەتداری حیزبیدا، ڕۆژانە دوورییەکانی نێوان حیزبەکان، حکومەت، پەرلەمان و هاوڵاتیان زیاتر و زیاتر بوون و دەبن، لێرەوە بێشک دەگەین بەو ڕاستیەی کە سیاسەتی نیشتیمانیمان خزێنراوەتە نێو بازنە داخراوەکان وڕێگاکانی گەشەکردنیش تاریککراوە.

ئای مەملەکەتە بێنازەکەم، ئەم قۆناغەت چ قۆناغێکی سەخت و سامناک و دژوارە، ئەرێ گاڵتەجاڕی بە چەمکی هاوڵاتیبوون، لە چاڵنانی دیموکراتیەت، یاسا شکێنی، تاڵانکاری، لەقاڵپدانی ئازادی، نایەکسانی و بونی مشەخۆران و گەندەڵکاران و قۆرخکاران بەسوار چاکانی مەیدان و دروستکردنی دەیان بەربەست لەبەردەم دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ تاک، لە فەرهەنگی سیاسەتی هاوچەرخدا،چ ناو و ناونیشانێکی نیشتیمانی و مرۆڤایەتی هەبووە و هەیە؟.

ئای نیشتیمانە زامدارەکەم ژانەکانت بون و زیاتریش دەبنە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەی کە سیاسەتبازان نەیانهێشت و ناهێڵن ڕۆڵەکانت ببنە خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزی نیشتیمانی، بە داخەوە ئەوەی ئیمڕۆ لە ڕوخسارماندا دیارە نائومێد بونە لە باش بوونی ڕەوشی ژیانی تاک و بێهیوابونە لە بووژانەوە وسەقامگیری و بەرەو پێشچوون، هەر لەبەر ئەو هۆکارانەشە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە ناخی تاکەکاندا ناگەشبینی و نائارامی ونائومێدی دەبنە زەنگێکی نادیاری مەترسیدار.

# میا تالێریکۆ لە یانزە مانگیدا بوو بە ئەکتەرێکی ناسراو

ڕەزا شوان
نەرویج: ٢٠٢٤



خونچەگوڵی جوان (میا تالێریکۆ)ی ئەمریکی، یەکێکە لە ئەکتەرە ناوازە و دەگمەنەکانی جیهان، کە لە تەمەنی (١١) مانگیدا، ئەستێرەی هونەریی هەڵهات و دەستی بە نواندن کرد و بە ملیۆنان کەسی هێنایە پێکەنین و خۆشی و شادیی خستە دڵیانەوە و بوو بە خۆشەویستی ملیۆنان کەس.

ناوی تەواوی (میا کایتلین تالێرکۆ) یە. لە ڕۆژی (١٧/ سێپتەمەر/ ٢٠٠٨) لە (سانتا باربرا) لە کالیفۆرنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایکبووە. میا تالێرکۆ منداڵی یەکەمی خێزانەکەیەتی. باوکی ناوی (کریس تالێریکۆ) یە، دایکیشی ناوی(کلیر تالێریکۆ)یە، خوشکێکی هەیە ناوی (ئۆبری تالێرکۆ) یە، دوو ساڵ لە خۆی منداڵترە. میا تالێریکۆ، لە ئێستادا تەمەنی (١٥) ساڵە. کچۆڵەیەکی نێوجەوانی شۆخ و شەنگە. خوێندکاری قوتابخانەی ئامادەییە.

نووسەری درامای تەلەفزیۆنی (درو فۆین) و بەرهەمهێنەر دراما (فیل پەیکەر) لە تەلەفزیۆنی دیزنی. لە ساڵی (٢٠٠٩) دا، دەستیان بە نووسین و بە دەرهێنانی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی کۆمیدی سەرکەوتووی سەرنجڕاکێش بۆ منداڵان و بۆ گەورەساڵان کرد. کە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی دیزنی پێشکەشی بکەن. چیرۆک و پلۆتی زنجیرەکە لە دەوری خێزانێکی ئەمریکی مامناوندی دەسووڕایەوە. لاسایی کردنەوەی ئەو خێزانە ئەمریکییە هەڵبژاردەیەیە، کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵی چوارەمیان دەکەن، کە ناوی (چارلي) یە. زنجیرە تەلەفزیۆنییەکەش بە ناوی (بەختێکی باش چارلی) بوو. بۆ هەڵبژاردنی ئەو منداڵەی کە ڕۆڵی پاڵەوانێتی چارلی دەبینێت. چەندین منداڵیان تاقیکردەوە. لە دواییدا (میا تالێرکۆ) ی تەمەن (١١) مانگانیان هەڵبژارد، کە ڕۆڵی چارلی لە زنجیرەی (بەختێکی باش چارلی) دا ببینێت. زنجیرەکە کۆمیدییەکە پڕە لە پێکەنین و لە خۆشی بۆ منداڵان و گەورەساڵان. فیل پەیکەری داهێنەر و ئامادەکەر و هاوبەشی بەرنامەکە، دەڵێت: دەربارەی میا تالێریکۆ، قسەم لەگەڵ دایکیدا کرد، بۆ ئەوەی بزانین چیدەکات و حەز و ئارەزووی لە چییە، تا ئەو زانیارییانە بخەینە ناو چیرۆکەکانمانەوە.

هەریەکە لە درود فۆین و فیل پەیکەر، لە سەرەتادا دودڵ بوون، لە هەڵبژاردنی تالێریکۆی یانزە مانگان، بە گومان بوون کە بتوانێت بە سەرکەوتووی، ڕۆڵی چارلی لە زنجیرەی (بەختێکی باش چارلی) دا ببینێت.

بەڵام گەورەترین سوپرایز بۆ ڕۆڵی پاڵەوانێتی لە زنجیرەی بەختێکی باش چارلی، هەڵبژاردنی تالێریکۆی ئەکتەرە بچکۆلە یانزە مانگییەکە بوو. کە بە خێرایی ئەو دوودڵی و گومانەی لە دڵی نووسەر و بەرهەمهێنەری زنجیرەکە ڕەواندەوە و سەلماندی کە بۆچوونەکانیان دەربارەی توانای نواندنی هەڵەن. هەروەکو ئەوەی کە بۆ نواندن لەدایک بووبێت. ئەو لە تیشکی گڵۆپ و بلاجکتۆرەکان و ڕووناکیی کامیراکان بێزار نابوو و لەگەڵیاندا ڕاهات. تالێریکۆ زۆر سەرکەوتووبوو لە نواندنی ڕۆڵەکەیدا. تالێریکۆ کاردانەوەی دەربڕینەکانی و کۆمێنتە سادەکانی بە خێرایی دڵی ملیۆنان کەسیان بەدەستهێنا و بوو بە چارلی خۆشەویست لە ئەمریکا.

لە ماوەی چوار ساڵدا، لە (٢٠١٠ ـ ٢٠١٤) تێکڕا (٩٧) ئەڵقە لە زنجیرەی بەختێکی باش چارلی لە تەلەفزیۆنی دیزنی پێشکەش کرا، کە تالێریکۆ پاڵەوانی سەرەکی زنجیرەکە بوو. لەو تەمەنە منداڵییەدا ناوبانگێکی زۆری دەرکرد. پیرۆزبایی و دەستخۆشییان لێکرد و ستایشیان کرد. بە ملیۆنان هەوادار و ئاشنای لە منداڵان و گەورەساڵان، لە ئەمریکادا بەدەستهێنا.

گرنگترین ڕۆڵەکانی تالێریکۆ لە فیلمەکاندا:

تالێریکۆ لە چەندین فیلم و بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەناوبانگدا، ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە. ئەمانە هەندێک لەو فیلمانەن کە تالێریکۆ ڕۆڵی پاڵەوانێتی تێیاندا هەیە:

١ـ لە ساڵی (٢٠١١) دا، بۆ یەکەم جار لە فیلمی سینەمایی (بەختێکی باش چارلی ـ کریسمسە) دا، ڕۆڵی پاڵەوانی بینی. ژمارەیەکی پێوانەی لە ناوبانگدا بەدەستهێنا.

٢ـ لە ساڵی (٢٠١٤) دا، تالێریکۆ بەشداریی لە ئەڵقەکانی زنجیرەی (داون تری) دا کرد. لە ڕێکەی سەرکەوتنی ئەم ئەڵقە تەلەفزیۆنییەوە، دیزنی بازدانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

٢ـ لە ساڵی (٢٠١٥) دا، تالێریکۆ لە کورتە فیلمێکی ترسناکی سینەماییدا (لۆست داون) دا، ڕۆڵی (کاترین) ی پاڵەوانی فیلمەکەی دەگێڕا.

٣ـ لە ساڵی (٢٠١٧) دا، ڕۆڵی (لاریسا ماک ئادەمز) ی لە کورتە فیلمی (بیرەوەی فۆتۆگرافی) هەیە.

٤ـ لە ساڵی (٢٠١٨ ـ٢٠٢٢ ) لە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی (مانی) دا، ڕۆڵی (بیگ ڕۆگ) هەبوو.

٥ـ لە ساڵی (٢٠٢٣) دا، لە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی (کۆنراد). ڕۆڵی (مولی) بینیوە. هێندەی تر ناوبانگی دەرکرد.

٦ـ چەندین جار، دیمانەی تەلەفزیۆنییان لەگەڵ تالێریکۆدا کردووە.

تا ئێستا چەندین ڕێزلێنان و خەڵاتیان بە تالێرکۆ پێشکەش کردووە. تا ئێستا لە ڕێی کارەکانییەوە، وەک ئەکتەرێک، زیاتر لە (٢) ملیۆن دۆلاری بەدەستهێناوە. ئەم پارەیەش بۆ منداڵێک لەو تەمەنەدا کەم نییە.

تالێریکۆ، پلانی هەیە بۆ بەردەوام بوون لە نواندندا. حەزدەکات ڕۆڵی پاڵەوانییێتی لە فیلم دا ببینێت. میا تالێرکۆ لە لە ئێستادا ئەکتەرێکی منداڵ نییە، بەڵکو ئەکتەرێکی لاوە و ئەستێرەیەکی ناسراوی جیهانی سینەمایە. بەهرەمەندێکی ناوازەی ناسراوە. بە ملیۆنان هەواداری کارەکانی هەیە. خوێندکاری قوتابخانەی ئامادەییە.

گرنگترین ئارەزووەکانی میا تالێریکۆ:

تالێریکۆ چەندین خولیا و ئارەزووی دڵخوازی خۆی هەیە، بە کورتی و بە چڕی:

١ـ هاوڕێیەکی هەمیشەی پەرتووکە و هۆگرێکی خووگرتووی خوێندنەوەیە.

٢ـ ئارەزووی گوێگرتن لە موزیک گۆرانی دەکات و بەشداریی لە کێبڕێی سەمادا کردووە. ڕۆژانە سەیری تەلەفزیۆن و فیلم دەکات.

٣ـ حەزی لە گەشت و گوزەر و گەڕانە. تا ئێستا گەشتی بۆ چەند وڵاتێک کردووە.

٤ـ حەزی لە مەلەوانییە و چێژێکی زۆریش لە خلیسکانی سەر بەفەر و شەپۆلەکانی سەر دەریا وەردەگرێت. زۆر حەزیشی لە سواریی پاسکیل هەیە.

٥ـ حەزێکی زۆریشی بۆ وێنەکێشان هەیە.

٦ـ ڕەنگی دڵخوازی، ڕەنگی پەمەییە و ئەکاونتی فەرمی ئینستاگرامە. دڵسۆزترین و خۆشەویسترین هاوڕێشی (مالینا گریس) ە، کە کچە ئەکتەر و گۆرانیبێژێکی ناسراوە.


٧ـ میا تالێریکۆ، لە ڕێگەی ئەکاونتێکەوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرکییەکاندا،
بە شێوەی ئۆنلاین چالاکە.

پێشبینی ئەوەش دەکرێت، کە میا تالێریکۆ داهاتوویەکی باشتر و ناوبانگێکی زیاتر بەدەستبهێنێت. گەشتی هونەریی میا تالێریکۆ، سەرچاوەی ئیلهام بەخشە بۆ ئەو هونەرمەندە گەنجانەی، کە خوازیاری سەرکەتن و داهێنانن و داهاتوویەکی گەشن.

(*) بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.









# *چەند وێنەیەکی جیاوازی
# میا تالێریکۆ
# یادەوەری مامۆستایەک
# وەرگێڕانی بۆ کوردی



## عومەر مەحمود پیرۆت

کات : ساڵی ١٩٩٧
شوێن : قوتابخانەیەکی سەرەتایی
پۆل : یەکەمی سەرەتایی .
پیشە : مامۆستای پۆلی یەکەمی سەرەتایی
چوارەم ساڵی دەسبەکاربونم بوو وەک مامۆستا .
سێیەم ساڵ وەک مامۆستای پۆلی یەکەم .
وانەی دووەم بوو لە رۆژی چوارشەممە .
بابەتەکە خوێندنەوە بوو.
قوتابییەکان سەرقاڵی ڕاهێنانێکی نوسین بوون .
هەندێکیان تەواویان کردبوو.
بەناو ریزی قوتابییەکاندا دەهاتم و دەچوم .
لە دەفتەرەکانی ئەوانەم دەڕوانی کە ڕاهێنانەکەیان تەواو کردبوو.
کاتێک نوشتابومەوە بۆ تەماشاکردنی دەفتەری قوتابییەک ، دیاربوو بەشێکی تەسبیحەکە لەگیرفانم دەرکەوتبوو . ئەو تەسبیحەی لە گەنجێتیمەوە خوم پێوە گرتووەو گیرفانم ، جێناهێڵێ .
هەستم کرد یەکێک لەدواوە دەستی لێدەدات و بە پەنجە بچوکەکانی یاری پێدەکات .
ئاوڕم نەدایەوەو بەردەوام بووم لە تەماشاکردنی دەفتەری قوتابییەکەی بەر دەمم .
لەژێر باڵمەوە تەماشایەکم کرد .
چ ببنم !
قوتابییەک بەدەستە خنجیلانەکانی و دەست لە تەسبیحەکەم دەدات کە نیوەی لەگیرفانمدایەو نیوەکەی تری هاتۆتەدەرێ و شۆڕ بۆتەوە .
بە خۆشییەکی سەیرەوە دەستی لێدەدات و زەردەخەنە گرتویەتی .
ڕاست بومەوە . لەسەرخۆ تەسبیحەکەم لەگیرفانم دەرهێنا .
بێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە خستمە ناو دەستیەوە .
گەڕامەوە لای تەختەڕەشەکە و دەستم کردەوە بە باسکردنی بابەتەکە .
بەتیلە چاوێک لە منداڵەکەم ڕوانی .
بینیم تەسبیحەکەی لەنێوان دەستەکانی لەسەر تەختەکە داناوە .
زۆر بەتوندی دەستیان لێدەدا . ئەم دەست و ئەو دەستیان پێدەکاو بەحەزەوە بۆنیان دەکات .بەپەنجە وریلەکانی یاری بە دەنکەکانی دەکات .
بە دوو چاوە گەش و جوانەکانی لێیان دەڕوانێ .
نەک هەر ئەوەندە .
ئەو زۆر بە سەرنجەوە لێیان ورد دەبێتەوە .
سەرم لەم هەڵسوکەوتەی سوڕما.
نەمهێشت هەست بکات تەماشای دەکەم .
زەنگی دەرەوە لێیدا .
منداڵەکان بە دوی یەکدا دەچونەدەرێ .
بەڵام منداڵی تەسبیحەکە هەر لەشوێنی خۆی بوو.
بەردەوام بوو لە دەسلێدان و یاریکردن بە تەسبیحەکە.
تەماشام نەکرد . خۆم بە ڕێکخستنی شتەکانی پۆلەکەوە سەرقاڵکرد
منداڵەکە بەرەو ڕوم هات و گوتی : باوکە ...
ڕاوەستاو دواتر گوتی مامۆستا تەسبیحەکەت.
دەستم درێژ کردو سوپاسم کرد .
دەستی گرتم و ماچی کرد .
گوتی :
مامۆستا ، من تۆم خۆش دەوێ .
بۆی کەوتمە سەر ئەژنۆ.
سەریم ماچکرد . پێمگوت :
گیانەکەم منیش تۆم خۆش دەوێ . گرتمە باوەش .
هەستم بە تریەی دڵی کرد . خێرا لێی دەدا .
چووە دەرەوە . منیش چومە دەرێ و چەندین پرسیارم لا دروست بوون .
چ شەرەفێکی گەورەیە قوتابییەک پێت بڵێ خۆشم دەوێی !
هەر بەڕاستی بۆمن لە پیاهەڵدانی بەڕێوەبەرو نمرەی نایابی هەڵسەنگاندن و ڕێزو سوپاسی سەرپەرشتیار زیاتر نەبێ کەمتر نیە.
زۆر بەدڵخۆشییەوە بەناو ڕاڕەووی قوتابخانەدا دەڕۆیشتم . بەڕێکەوت بەڕێوەبەری قوتابخانە بەرەو ڕوم دەهات.
سەرپێیی لێم پرسی :
دۆسیەکانی قوتابیانی پۆلی یەکەم لەکوێن .
بەڕێزەوە وەڵامی دامەوەو ئاماژەی بۆ ژورەکەی خۆی کرد و گوتی لەوێن .
مۆڵەتم لێوەرگرت و دەستمکرد بە گەڕان بەدوای دۆسیەی ئەو قوتابییەدا .
بەڕێوەبەر گوتی :
چیت دەوێ بەدیاریکراوی ؟
گوتم خۆشم نازانم .
پێکەنی و چووە دەرێ .
گەیشتمە دۆسیەی منداڵەکەو کردمەوە .
گەیشتم بە زانیاری خێزانەکەی .
وێنەی باوکی لەسەر نیە .
لەشوێن وێنەکە مۆرێک کراوەو نوسراوە مردووە .
بۆم دەرکەوت باوکی منداڵەکە پێش هاتنە قوتابخانەی منداڵەکەی بە مانگێک بەرووداوی هات و چۆ مردووە .
ئەم منداڵەش یەکەم منداڵ و تاکە منداڵیەتی .
ئەو دەیویست باوکی چونە قوتابخانەی ببینێ . بەشداری ئەو ئەزمونەی بکات.
بەبێ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی تیۆرەکانی دەرونزانی ،
ئەو منداڵە منی ( لەجێی باوکی ) دەویست کە قەرەبوی سۆزو خۆشەویستی بۆ بکەمەوە .
ئەم هەڵوێستە ڕێرەوی ژیانی پیشەیی و پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانی گۆڕیم .
لێرە ئیتر بروام وایە کە پەروەردە بەهاو پەیامێکی مەزنە .
لە دوای ئەوە بە سڵاو لێکردنی و دەسهێنان بەسەریدا پشتیوانی زیاتری بچکۆلانەکەمم دەکرد .
لەڕیزیکردنی بەیانیاندا هەمویانم بەسەر دەکردەوە . بەڵام دواجار لای ئەو ڕادەوەستام .
بەدرێژایی ڕۆژەکە بەدواداچونم بۆدەکردو لەهەموو بابەتەکان بەسەرم دەکردەوە .
دەرچو بۆ پۆلی دووەم .
لەیادمە ڕۆژێک لە وانەی وەرزشدا لەگەڵ هاوڕێکانی یاری تۆپی پێی دەکرد .
یەکێ لەهاوڕێکانی لێیدا .
دەستیکرد بەگریان .
مامۆستای وەرزشی تێپەڕاندو هات و خۆی کرد بەژوری مامۆستایاندا .
یەکسەر ڕویکردە من و فرمێسکیش لەچاوانی دەهاتە خوارێ .
پێی گوتم : ئەو لێیدام .
پێمگوت : مافی ئەوەی نیە لێت بدا .
پێی گوتم : دەکەواتە وەرە بە لێدانێکی پەناڵتی بۆم هەژمار بکە .
پێمگوت : بەدڵنیایی وادەکەم .
لەگەڵی ڕۆیشتم بۆ گۆڕەپانی قوتابخانە
نارەزایی خۆم لای ناوبژیوان( مامۆستای وەرزش ) ڕاگەیاند .
هەڕەشەم کرد کە لەیاری داهاتودا پەنا بۆ ناوبژیوانێکی بێگانە دەبەم . ئەگەر ئەوهەڵەیە بە لێدانی پەناڵتی هەژمار نەکرێ .
مامۆستای وەرزش تێمگەیشت .
بەزەردەخەنەوە فیکەی لێدانی پەناڵتی بۆ بچکۆلانەکەم لێدا .
بەئاراستەی گۆڵەکە شەقی لە تۆپەکە هەڵداو گۆڵی کرد .
فیکەی تۆمارکردنی گۆڵ لێدرا . دەنگیدایەوە . هێندە بەهێز بوو خەڵکی گەرەک گوێیان لێبوو.
یەکەم کەس بووم بەچەپڵەیەکی گەرم پیرۆزباییم لێکرد .
بچکۆلەکەم ئێستا کۆلێژی پەروەردەی زانکوی بەغدای تەواو کردووە.
( ماجد) گیان هەرگیز تۆم لەبیر ناچێ .
گیانە فریشتەییەکەی تۆ بوو ڕەگی دڵرەقی و توندو تیژی لەناخمدا هەڵکێشا .
تۆوی خۆشەویستی و بەزەیی تیادا چاندم ..
فێرت کردم پەروەدەو فێرکردن چەندە پەیامێکی پیرۆزو مەزنە.
گۆڕەپانێکە بۆ ویژدانی زیندوو ڕۆڵی خۆی تێدا بگێڕێ .

# لە هەڵەکانی خەڵکەوە فێربووم

## ژاک ما

## لە ئینگلیزییەوە: چنار عەزیز



ژاک ما بنیادنەر و هاوبەشی سەرۆکی پێشووی عەلی بابا بووە، و یەکێکە لە سەرکردە بازرگانیە ناودارەکانی چین.

ئەو دەڵێت :

ئەگەر سەرکەوتوو بوویت هەموو هەڵەکان دەبن بە شتێکی ئەفسانەیی، بەڵام ئەگەر شکستت هێنا ئەمانە تەنیا قسەی هیچن. تۆ دەزانی من چی دەڵێم، من پێموایە هەموو کەسێک چیرۆکێکی مەزنی هەیە. هەموو کەسێک هەڵەی زۆری هەبووە، هەموو کەسێک کێشەی زۆری هەبووە، بەڵام خەڵکانێکی کەم گوێت لێدەگرن. کاتێک سەرکەوتوو دەبیت، خەڵکی گوێت لێدەگرن و دەڵێن واو تۆ مەزنی، من ئەوەندە مەزن نیم. من لە خێزانێکی ئاسایی لەدایکبووم، لە فێرگەدا باش نیم، من زۆر ماندوو بووم بۆئەوەی بە سەختی بخوێنم، بەڵام وەکو کورێک، تۆ دەزانی فێرگەکەم لەو کاتەدا باش نەبوو، لەبەرئەوە من شکستم هێنا لە گەڕان بەدوای کاردا، لە بەشداریکردن و وەرگرتن لە زانکۆدا، لە بەشداریکردن و وەرگرتن لە فێرگە باشەکاندا. بەڵام من هەرگیز دەست بەردار نەبووم،

پێموایە تاکە شتێک کە فێری بووم ئەوەیە بۆچی دەبێت چانسی سەرکەوتنت هەبێت. پێویستە هەموو کەسێک ڕابێت لەسەر شکست هێنان، بەڵام نەک ڕابێت لەسەر ئەوەی لەلایەن خەڵکی ترەوە قبووڵ بکرێت، بۆچی پێویستە کەسانی تر هاوکاریت بکەن، دەبێت ئەو مافە بەدەست بهێنیت کە یارمەتیت بدرێت. ئەو شتەی کە من فێری بووم ئەوەیە کە هەرگیز دەست بەردار مەبە. دەرفەتەکانم تا هێشتا نەهاتوون. کاتێک هەموو کەسێک سکاڵا دەکات، ئەمە دەرفەتە. هەمیشە بیرم دەکردەوە، کاتێک گەنج بووم، کاتێک لە فێرگەی ئامادەیی یان زانکۆ بووم، پێم وابوو بیل گەیتس کارەکەی منی بردووە، بیڵ گەیتس هەموو کارە سەرکەوتووەکانی ئەنجامداوە، پێموایە کە من پێویستە ئامانجم پشتگیری کردن و هاوکاریکردنی ئەوانە بێت کە لە دەووروبەرمدان. کارە بچووکەکان ئەنجام بدەم، من هەرگیز وا بیرمنەکردەوە کە بتوانم ببم بەوەی ئەمڕۆ هەم، دوای هەژدە ساڵ عەلیبابا ببێتە ئەم قەبارە گەورەیەی ئەمڕۆ کە هەیە. ( کۆمپانیای عەلی بابە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی چین کە لە ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە. ئەم کۆمپانیایە لە سەرەتاوە وەک سایتێکی بازرگانی ئینتەرنێتی دەستی پێکرد، بەڵام ئێستا لە چوارچێوەی چەند بەشێکدا کارەکانی پەرەی سەندووە، لەوانە: ئیلکترۆنیک، پیشەسازی، گواستنەوە، خزمەتگوزارییەکان و شتومەکی سەرەکی.) سەرچاوەی ئەم تێکستەی ناو کەوانەکەم لە زیرەکی دەستکردەوە وەرگرتووە.

جاک ما دەڵێت لەبەرئەوەنا کە من زیرەکم، پێموانییە کەسێکی زیرەک بم، بەڵام من کارم لەگەڵ زۆر کەسی زیرەکدا کردووە زیرەکترینی کەسەکان هەمیشە ویستوویانە کارێک ئەنجام بدەن کە تیایدا سەرکەوتوو بن، من پێموایە ئەمە ئاسان نییە بۆئەوە بەخێرایی سەرکەوتوو بیت، هەرجارێک هەر شتێک کە ئەنجامی دەدەین. ئامادەکاری دەکەین بۆ دە ساڵ، من دەزانم کە من زیرەک نیم ئەگەر ئێمە بمانەوێت سەرکەوتوو بین، دەبێت بۆ ١٠ ساڵ ،دواتر سەرکەوتوو بین، ئەگەر بمانەوێت سەرکەوتوو بین، پێویستە لەگەڵ کەسانی تردا کار بکەین، ئەگەر بمانەوێت سەرکەوتوو بین، پێویستە هەڵەیەکی زۆر بکەین و هەرگیز دەست بەردار نەبین، خەڵکێکی زۆر هەڵە دەکەن و کێشەیان بۆ دروست دەبێت دەستبەردار دەبن، ئێمە هەرگیز دەست بەردار نابین، ئێمە لە هەڵەکانەوە فێردەبین، پێموایە کاتێک شکست دەهێنین، پەیامەکەم، ئەزموونەکەم، ئامۆژگارییەکەم، ئەوەیە کە تۆ دادوەری لەسەر ئەوەی ئەو کەسە سەرکەوتوو دەبێت یان نا، کاتێک شکست دەهێنێت،، وابیرکاتەوە هەڵەی خۆیەتی یان کەسانی تر.


ئەگەر وا بیریکردەوە کە شکستەکانم بەهۆی کەسانی ترەوە بوو، ئەم کەسە هیچ چانسێکی نییە. ئەو کەسانەی شکست دەهێنن. هەمیشە بیردەکەنەوە هەڵەی منە.

من ، زۆر شت فێردەبم لەو کەسانەی شکست دەهێنن، زیاتر فێردەبم لەو کەسانەی هەڵە دەکەن، زیاتر لە هەڵەکانمەوە فێردەبم، ئەمە ئاڕاستەی ژیانی منە، کاتێک شکست دەهێنم دەڵێم دەبینی شکستم دەهێنا، کاتێک سەرکەوتوو دەبم دەڵێم، هەرگیز نەمدەزانی دەتوانم سەرکەوتوو دەبم، ئەمە دەمکات بە کەسێکی ئەرێنی و گەشبینم دەکات، چونکە ئەمە لە هەڵە و شکستەکانمەوە سەرچاوەی گرتووە. لە هەڵە زۆرەکانمەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمە واملێدەکات هەرگیز سکاڵا نەکەم، چونکە من بەم شتە ڕادێم. ئێمە ڕۆژانە تەنانەت ئەمڕۆش هەڵە دەکەین، ڕۆژانە بڕیاری هەڵە دەدەین. کەس نازانێت ئێمە پێمان وابووە لە زیرەکیمان بووو. پەسەندکردنی کۆتایی گەمژانە بوو، بەڵام ئێمە فێردەبین و دووبارەی دەکەینەوە، فێر دەبین و دووبارەی دەکەینەوە ئەمە ئاڕاستەکردنی ژیانە.

## ئەمپێدۆکلێس

ئەمپێدۆکلێس یەکێک لە فەیلەسووفانی یۆنانی دێرینە کە لە ژێر کاریگەریی پارمێنیدێسدا بووە، بەڵام هاوکات چاویشی لە جیهانی هەستەکانە و هەروەها هەوڵ دەدا فەلسەفە لە ئینتزاعی ڕەها ڕزگار بکا. ئەمپێدۆکلێس دواجار بۆ لێکدانەوەی جیهانی هەستەکان بەو ئاکامە دەگا کە ئارخەی جیهان نابێ یەک شت بێ. یۆنانییەکان هەر لە کۆنەوە بڕوایان بە چوار ماکەی ئاو و هەوا و خاک و ئاور بووە. ئەمپێدۆکلێس ئەم بەستێنە فەرهەنگییە دەگوازێتەوە بۆ فەلسەفە و ئەم چوار ماکەیە وەکوو ئارخەکانی جیهان دەستنیشان دەکات. ئەمپێدۆکلێس دەڵێ ئەم ماکانە نەمرن، هەمیشە بوون و هەمیشەش دەبن. کەوابوو بەئارخە زانینی ئەم چوار ماکەیە هەم بیرۆکەی نەبوونی "بۆشایی" پارمێنیدێسی لەبەرچاو دەگرێ و هەم جووڵە و هەرەکەش ڕوو دەدات و بەم شێوەیە جیهانی هەستەکانیش لە لەناوچوون ڕزگار دەبێت. بەڵام ئەوەی ئەمپێدۆکلێس و فەلسەفەکەی زۆر گرینگ دەکات ئەوەیە کە ئەو هەوڵیش دەدا بۆ لێکدانەوەی جیهان بەپێی ئەم چوار ماکەیە. ئەمپێدۆکلێس دەڵێ دوو هیزی "عیشق" "نەفرەت" دەبنە هۆی تیکەڵاوی یا لێکترازانی ئەم ماکانە. ئەو دەڵێ عیشق دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوونی ماکە نایەکچەشنەکان و نەفرەتیش ئەم تیکەڵاوییە لەناو دەبات و لێکیان دەترازێنێت. ئەمپێدۆکلێس پێی وایە تیکەڵابوونی ئارخەکان تەواو بەهەڵکەوت و سودفەیە و ئەوەش هۆکاری سەرەکی ڕەخنەکانی ئەفلاتوونە لەم بیرمەندە.

خاک _ پشکۆ کامەران



# بۆیادی شەهیدێکی هاوڕێی ڕۆح سەووزم
## عەلی محەمەد چوارتایی



بۆدار بەڕووە سەووزەکەی چیای برزووت وداری ڕۆمی

بۆکوڕە بەژن سەووزەکەی( سێ کووچکەی) چیای ڕۆحی ماوەت!

لەگەڵ یەکەم بارینی بارانی بەخوڕی پایزێکی زەرد باوی ماوەتیدا ،بازێکی چاوتیژی ڕۆح بەفرین بەرەو شاخی بالۆس و برزووت بەڕێکەووت..ڕۆژێکی ساردوسڕی پایزی بوو،دەیوویست لەدنیای زۆرداری و ڕقی ڕەشی پیاوەزاڵمەکانی ڕۆژگار خۆی ڕزگار بکات وبگاتە لای پیاوە پۆشاک سەووزەکانی بناری قەندیل، ئەم ئاشنا بوو بەگڤەی باو،بە تووڕەی ڕەشی باوبۆرانی زستانە سەختەکانی شۆڕش!

ئەم جەستەو باڵای حەزیان لە دنیای ئازادی بوو،ئەم کوڕی شاخی بەرکێل.و.سێ کووچەکەی ماوەت بوو.ئاشنا بوو بەگرمەو ناڵەو چەغماغەی هەورە برووسکەکانی ئاسۆس وگۆجاڕ ،ترسی لەشەوەزەنگ و لەتووڕەی شەیتانەکانی ڕۆژگار نەبوو،بەناو ئاگرو کڵپەی سووتاوی نیشتماندا دەڕۆی وترسی لەچزەی پشۆکەی سوور نەبوو.. ئەم ماوەتیە باڵا ئاڵتوونیە،کوڕی شیو.و.دۆڵی کانی چنارەو.قووڵە مازوو بوو،ترسی لەهاژەی ڕووباروەرگی دەریاکان نەبوو،ڕۆژێکی سەختی چیایی بوو،کەم کەس دەیویرا ناوی شاخ وشۆڕش وسەنگەر بڵێ.ئەوعەیام وزەمان،شاخ وبەرگری پیاوی وەک ماوەتیەکەی منی دەوویست..

ڕۆژێکی باراناوی بوو،لێزمەی دڵۆپە بارانەکانی ئاسمان وەک فوارە دەبارین بەسەر گەڵا زەردەکانی پایزیدا،هێواش هێواش لە ژێر ڕێژنەی بارانێکی بەخوڕدا،لە ئەشکەووتی گاجووتانەوە،بەرەو ئەشکەووتی ئازادی داخزی وچووە ناو ئەشکەووتەکەوە، تاشەبەردە تەڕاویەکەی ماچکردوو..ووتی:من ئیتر میوانی جیهانێکی ئازادم و بەرەو پایتەخی ئازادی دەڕۆم،دواى حەوانەوەی،جەستەوپاودەستەکانی، بەرەو بەردبەرد کەووتەڕێ،لەڕووبارەکە پەڕیوەوبەهەورازە سەختەکەی باساوێدا هەڵزاناوبۆلای عەسر گەیشتە تەنگەی زەروون و بۆشەوەکەی گەیشتە ئەشکان..

دواى چەند ڕۆژێک ڕێگا ڕۆیشتن گەیشتە پایتەختی پۆشاک سەووزەکانی شێنێ..

ئیتر لەوڕۆژەوە.بوو بەمیوانی ڕێگا سەخت ودژوارەکانی کاروانێکی بێ کۆتایی..

سەنگەر لەکوێ بوایە،ئەم

سێرەی تفەنگی بوو..

شایی لەکوێ بوایە،ئەم خەندەی بوو!

گڕ لەکوێ بوایە،ئەم کڵپە بوو!

بەهار لەکوێ بوایە،ئەم نەوروز بوو!

لەبەهاردا.میوانی خورەی باران وتاڤگەی زێڕینی ئاسمان بوو!

لەزستاندا.پڕووشەی بەفری سپی بوو!

لەپایزدا.شەوی یەڵدابوو،گۆرانی نوێی بۆخەزانی زەرد دەچڕی!


لەهاویندا.شنەی شیرینی عاشقان بوو هیوای بەڕۆحە گەرمەکان دەبەخشی..

ماوەتیم لەم سەفەرە سەختەی ژیانێکی پڕ لەناسۆردا.هیواکانی گوڵاڵە سوورەی باخچەی ماوەت بوو،هەرگیز عارەق وڕۆیشتنی شەوەتاریک ودەیجورەکان نەیان دەتوانی هەنگاوەکانی بووەستێنن، هەمیشە بەرەولووتکە دەڕۆیشت وئاوڕی لەهەنگاوەکانی دواى خۆی نەدەیایەوە..

دواجار لەگەڵ گڕی نەورۆزێکی نوێدا لەکەرکوکی بەهەشتی کوردان،بەخوێن وجەستەی خۆی یادی بڵێسەی سووری کردەوە.و.بوو بەمیوانی هەمیشەی خاکی پیرۆزی کەرکوک..ئێستا گڵکۆی مەزارێکی پیرۆزە.و.ساڵانە گەنجان ولاوی نوێی نیشتمان لەڕۆژی نەورۆزدا بەچەپکە گوڵی ڕازاوە.وە.دەچنە سەر گڵکۆی ماچبارانی یادومێژووی دەکەنەوە..

بارانی خۆشەوویستی خودا بۆ جەستە و ڕۆحی نەمریت.گڵکۆت چراخان بێ ومەزارت گەشاوە.و.ڕازاوە بێ

شەهید عوسمان مستەفا ماوەتی ساڵی1979 دەبێت بەپێشمەرگە لەهەرێمی چوار.دواى درووست بوونی تیپەکان دەبێت بەفەرماندەی مەفرەزە..لەتیپی47 پیرەمەگروون. ساڵی1986 دەبێ بەجێگری کەرتی سێی تیپی 37شاربازێڕ، جێگری فەرماندەی کەرت خوالی خۆش بوو کاک مجیدی حاجی علی بووە.ساڵی1990 دەبێ بەفەرماندەی کەرت لەتیپی71 بەتالێونی7 دواجار لەڕۆژی 28 -3-1991 لەشاری کەرکوک شەهید بوو.ڕۆحی بەخشی بەنیشتمان.ڕۆحی شادو ئارام بێ.هەزار چەپکە گوڵ بۆگڵکۆی پیرۆزی.ماوەیەکی زۆر لەکەرتی سێ پێکەوە بووین .






# هونەرمەند: رۆژین حاجی حسێن




- لە قامیشلۆ ی رۆژئاوای کوردستان لە دایک بووە
- ئێستا لە شاری هەولێر دادەنیشێت
- بڕوانامەی ماستەری هەیە لە ئەندۆزیاری کۆمپیوتەر
- هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەری هەیە
- لەتەمەنی ١٤ ساڵییدا خەڵاتی باشترینی سوریای وەرگرتووە لە وێنەکێشان
- نزیکەی دە ساڵ کاری فرۆشتنی تابلۆی کردووە بۆ کاری خێرخوازی لە رۆژئاوا
- بەشداری چەندین پیشانگای هاوبەشی کردووە
- تابلۆکانی لە سەر زۆرێک لەبەرگی رۆمانە کوردی و عەرەبییەکانی رۆژئاوا چاپکراوە
- یەکەمین پیشانگای تایبەتی لە ٢٠٢٤ کردۆتەوە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر







# نامە گۆڕینەوەکەی سالم و نالی



نامە گۆڕینەوەکەی نالی و سالم ئاماژەیە بە گۆڕینەوەی نامەی شێعری لە نێوان دوو شاعیری بەناوبانگی کورد، سالم و نالی لە سەدەی نۆزدەدا. جگە لە گرنگیی ئەدەبیی دوو نامەکە یان دوو قەسیدەکە، گرنگییەکی مێژوویی تایبەتیشیان هەیە و بارودۆخی مێژوویی ئەو کاتەی سلێمانی تا ڕادەیەک پیشان دەدەن.

بنەچەی مێژوویی

نالی لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابانەکان، سلێمانی بە جێ دەهێڵێ و ڕوو لە شام دەکا. لەوێوە قەسیدەیەکی درێژ وەکوو نامەیەک بۆ سالمی دەنێرێ و باسی دوورە وڵاتیی خۆی لە شام دەکات و هەست و تاسەی دووری نیشتمان و شارەزوور و سلێمانی دەربڕێت. سلێمانی لەو کاتەدا لە لایەن عوسمانییەکانەوە داگیرکرابوو و میرنشینی بابان ڕووخابوو. سالمیش لە وەڵامدا قەسیدەیەکی درێژی بۆ دەنووسێت و هەردووکیان بە خەیاڵ و بە بادا، نامەکانیان دەنێرن. نالی بەم شێوەیە قەسیدەکەی دەست پێ دەکات:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

ئەی لوتفەکەت خەفی و هەوا خواه و هەمدەمە!

وەی سروەکەت بەشارەتی سەر گۆشەیی حوزور!

سالمیش هەر بەو جۆرە با دەکا بە نامەنێر و وەڵامی نالی دەداتەوە. قەسیدەکەی سالم ئاوەها دەست پێ دەکا:

جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر

ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر

ئەی میروەحەی جەمالی مەهاسایی دڵبەران

وەی شانەزەن بە کاکۆڵی تورکانی سیمبەر

گرنگیی قەسیدەکان

دوو قەسیدەکە بە تایبەت قەسیدەکەی نالی لە بواری ئەدەبییەوە زۆر گرنگن. جگە لەمە ناوی زۆرێک جێگە لە شاری سلێمانیی تێدایە کە بۆ ناسینی مێژووی ئەو سەردەمەی سلێمانی گرنگە و دوای ئەوە بار و دۆخی مێژوویی و سیاسیی ئەو کاتەی سلێمانی دەردەخا. هەروەها لە چاندی کوردیدا کاریگەرییەکی بەرچاویان بووە. بۆ نموونە عەدنان کەریم گۆرانیبێژی کورد قەسیدەکەی نالیی کردوە بە گۆرانی. شێرکۆ بێکەسیش لە شێعرەکانیدا ئاماژە دەکا بە قەسیدەکەی بادی خۆش مرووری نالی.

دەقی قەسیدەکەی نالی

قوربانی تۆزی ڕێگاتم، ئەی بادی خۆش مروور!

ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور!

ئەی لوتفەکەت خەفی و هەوا خواەو هەمدەمە!

وەی سروەکەت بەشارەتی سەر گۆشەیی حوزوور!

ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقا ن!

تۆفانی دیدە و شەرەری قەلبی وەک تەنوور!

گاهێ دەبی بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ

گاهێ دەبی بە دەم، دەدەمێنی، دەمی غورور

مەحوی قەبووڵی خاتری عاتر شەمیمتە

گەردی شیمال و گێژی جەنووب و کزەی دەبوور

سووتا ڕەواقی خانەیی سەبرم، دڵ و دەروون

نەیماوە غەیری گۆشەیی، زیکرێکی یا سەبوور

هەم هەم عەنانی ئاهم و، هەم هەم ڕیکابی ئەشک

ڕەحمێ بەم ئاوو ئەشکەبکە! هەستەبێ قوسوور!

وەک ئاهەکەم دەوان بە! هەتا خاکی کۆیی یار

وەک ئەشکەکەم ڕەوان بە! هەتا ئاوی (شیوەسوور)

بەو ئاوەخۆت بشۆ، لەکودووراتی سەرزەمین

شاد بن بەوەسڵی یەکدی؛ کەتۆی تاهیر، ئەو تەهوور

ئەمجا مەووستەتا دەگەییەعەینی (سەرچنار)

ئاوێکەپڕ لەنار و چنار و گوڵ و چنوور

چەشمێکەمیسلی خۆر کە لەسەد جێ، بەڕۆشنی

فەورانی، نووری سافەلەسەر بەردی وەک بلوور

یا عەکسی ئاسمانەلەئاوێنەدا کەوا

ئەستێرەکانی ڕابکشێن وەک شەهابی نوور

یا چەشمەساری خاتری پڕ فەیزی عاریفە

یەنبووعی نوورەدابڕژێنێ لەکێوی توور

دەم وت دوو چاوی خۆمە، ئەگەر (بەکر مجۆ)یی ئەشک

نەبوایەتیژ و بێ سەمەر و گەرم و سوێر و سوور

داخڵ نەبی بەعەنبەری سارایی (خاک و خۆڵ)

هەتا نەکەی بەخاکی (سولەیمانی) یا عوبوور

یەعنی ڕیازی ڕەوزە، کەتێیدا بەچەن دەمێ

موشکین دەبی بەکاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور

خاکی میزاجی عەنبەر و، داری ڕەواجی عوود

بەردی خەراجی گەوهەر و، جۆباری عەینی نوور

شامی هەموو نەهار و، فوسوولی هەموو بەهار

تۆزی هەموو عەبیر و، بو خاری هەموو بو خوور

شارێکەعەدل و گەرمە، لەجێگێکەخۆش و نەرم

بۆ دەفعی چاوەزارەدەڵێن: شاری شارەزوور

ئەهلێکی وای هەیەکە، هەموو ئە هلی دانشن

هەم نازیمی عوقوودن و هەم نازیری ئوموور

سەیرێ بکەلەبەرد و لەداری مەحەللەکان

دەورێ بدەبەپرسش و تەفتیش و خوار و ژوور

داخۆ دەروونی شەق نەبووە؟ (پردی سەرشەقام)!

پیر و فوتادەتەن نەبووە؟ (داری پیرمەسوور)!

ئێستەش بەبەرگ و بارەعەلەم داری (شێخ هەباس)!؟

یا بێ نەواوو بەرگەگەڕواەبەشەخسی عوور!؟

ئایا بەجەمع و دائیرەیەدەوری (کانی با)!؟

یاخۆ بووەبەتەفریقەیی شۆڕش و نوشوور!؟

(سەیوان) نەزیری گونبەدی کەیوانەسەبز و ساف!؟

یاخۆ بووەبەدائیرەیی ئەنجومی قوبوور!؟

ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)!؟

یاخۆ بووەبەمەلعەبەیی گورگ و لوورەلوور؟

ئێستەش سوروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)!؟

یاخۆ بووەبەسۆفیی و شکی لەحەق بەدوور؟

داخو دەروونی سافە، گورەی ماوە (تانجەرۆ)!؟
یاخۆ ئەسیری خاکەبەلێڵی دەکا عوبور؟
سەیرێکی خۆش لەچیمەنی ناو (خانەقا) بکە!
ئایا ڕەبیعی ئاهووە، یا چایری ستوور؟
سەبزەلەدەوری گوڵ تەڕە، وەک خەتتی ڕوویی یار!؟
یا پووشی وشک و زوورە، وەکوو ڕیشی (کاکەسوور)؟
قەلبی مونەووەرەلەحەبیبانی نازەنین!؟
یا وەک سەقەر، پڕەلەرەقیبانی لەندەهوور؟
دەس بەندیانەدێن و دەچن، سەرو و نارەوەن!؟
یا حەڵقەیانەسۆفیی مل خوار و مەندەبوور؟
مەیلێ بکەلەسەبزەدرەختانی مەدرەسە!
ئەوراقیان موقەددیمەیی شینەیا نەسوور؟
حەوزی پڕی، کەنائیبی دیدەی منەلەوێ
لێڵاوی دانەهاتووە، وەک سەیلی (شیوەسوور)؟
ئێستەش کەناری حەوشەکە، جێی باز و کەوشەکە؟
یاریی تیایە؟ یا بووەتەمەعرەزی نوفوور؟
چاوێ بخەلەسەبزەو و، سێرابی دائیرە!
جێ جیلوەگاهی چاوەکەمەنەرمەیا نەزوور!
تو خوا فەزایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش
مەحشەر میسالە، یا بووەتە (چۆڵی سەلم و توور)؟
واسیل بکەعەبیری سەلامم بەحوجرەکەم!
چی ماوە، چی نەماوە، لەهەیوان و تاق و ژوور؟
ئەو غاری یارەئیستە، پڕ ئەغیارە، یا نەخۆ
هەر غاری یارە، یا بووەتەغاری مار و موور؟
زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومەزار و بەدڵدا دەکەم خوتوور!؟
لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگەبێ بەئاو و بەچاوا بکا غوبوور
ئایا مەقامی ڕوخسەتە، لەم بەینەبێمەوە!؟
یا مەسڵەحەت تەوەققوفەتا یەومی نەفخی سوور!؟
حاڵی بکەبەخوفییە: کەئەی یاری سەنگ دڵ!
«نالی» لەشەوقی تۆیەدەنێرێ سەلامی دوور

## دەقی قەسیدەکەی سالم

جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر
ئەی میروەحەی جەماڵی مەهاسای دڵبەران
وەی شانەزەن بە کاکۆڵی تورکانی سیمبەر
جاڕووکەشی مەنازیلی جانان لە خەڵوەتا
فەڕڕاشی فەڕشی سەبزە، بەهاران، لە دەشت و دەر
ماڵش دەدەی بە دەم لە دەمی خوابی سوبحدەم
هەم زوڵفی قیرگوونە و هەم چیهرەیی قەمەر
باری لە سروەکەت بە شنەی ئەنگەبینی، گەز
کردوویە جونبوشت بە هەماغووشی نەیشەکەر
وەختی تەوافی عاریزی دڵبەر، شنۆیی تۆ
لەغزش دەخا بە تورڕە لە سەر تا بە پێی کەمەر
کەی دێتە خەندە غونچە دەمێ بێ وەزیدەنت؟
گەر تۆ نەبی درەختی چەمەن ناگرێ سەمەر
ئەحیاکونی جەمیعی نەباتاتی عالەمی
ڕەعنا کشا لە تەربیەتت قامەتی شەجەر
ئابی حەیاتە ئاتەشی ئەفسوردەیی دەمت
تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنوورا کە دێتە دەر
میحنەت ئەوەندە زۆرە، هێندە دڵم تەنگ بووە
دوودی هەناسەیی سەحەرم هەوری گرتە بەر
هیممەت کە چابوکانە بە ئیجرایی مەتڵەبم
لەم سەر بڕۆ وەکوو بەرید و لەوێ بێ وەکوو تەتەر
بۆ موڵکی شامە نامەیی من سوویی نالییە
هەر حەرفی ئەو لە وەزعی ویلایەت دەدا خەبەر
پرسیویە زاهیرەن لە ڕەفیقانی یەک جیهەت
ئەحواڵی ئەسڵی شەهر و موقیمانی سەربەسەر
لەوساوە حاکمی بە ستەم دەربەدەر کرا
نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر
تا بوو بە جایی مەتلەعی خورشیدی موڵکی ڕۆم
سووتا گیاهی تیشنە و خوشکیدە بوو شەجەر
ناکەن هەوایی هیچ کەبابێ زەلیلی شەهر
بوریانە بەس لە ناری غەما پارەیی جگەر
جوز گاهی ئاه و گرییە لە ئەییامی ڕۆمییا
نەمدیوە وا ببێ لە فەرەحدا لەبی بەشەر
سەیوان پڕە لە شەخسی ستەمدیدە خوار و ژوور
هەر قەبری پڕ غەمانە لە هەر لا دەکەم نەزەر
جێی تورکەکانی ڕۆمە دەر و ژووری خانەقا
غافڵ هەموو لە جایی موریدانی باخەبەر
ئەو حەوزە پڕ دەبوو کە وەکوو چاوەکانی ئەو
تەغییرە ئاوی وەک دڵی مەردانی پڕ کەدەر
ئەو دەشتە جایی یاریی یارانی حوجرە بوو
یەکسەر مەقامی ڕۆمییە هەروەک تەهی سەقەر
سووتا دڵم بە حاڵەتی جۆباری سەرچنار
لێڵاوە چەشمەساری وەکوو چاوی بێ بەسەر
زستانی ئەووەڵین بوو دڕا بەرگی شێخ هەباس
ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخسیش دەخا زەرەر
وەک پیری خوردساڵە خەمی داری پیرمەسوور
مەشغووڵی لەغزشە هەمەجا پای تا بەسەر
ئەو بەردەکانی ناوی نرا قسنی شەخسەکەی
دایان بە شاخ و دارەکەیا تورکی بێ هونەر
وەک چاوی بێ غەمانە هەموو شیوی ئاودار
بەس موشکلە لە چەشمەیی ئەو قەترە بێتە دەر
ئەوسا مەکانی ئاسکە بوو کانی ئاسکان
ئێستە لە دەنگ و ڕەنگی ئەڕۆمی پڕە لە کەر
ئەمڕۆ فەزایی بازیگەه جایی ڕەهزەنە
لەو دەشتە دێ لە غەیبەوە ئاوازی ئەلحەزەر
تا دوزدجۆیی نیمەشەبن تورکی بێ نیزام
دوزدن هەموو لە خەرمەنی مونعیم وەکوو شەرەر
شەهرێکە پڕ لە زوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین
جاییێکە پڕ لە شۆڕ و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ
سەربانی پڕ لە کەژدوم و دیواری پڕ لە مار
گەودالی پڕ لە ڕەهزەن و سەحرایی پڕ خەتەر
دڵ نایەڵێ بڵێم چییە سامانی حوجرەکەی
هەر تۆڕی عەنکەبووتە، حیجابی بیرون و دەر
نایێ سەدا لە پەنجەرەکەی جوز فیغانی جوغد
غەیرەز شەقامی مووری نییە شوێن و پێ گوزەر
توو خوا بڵێ بە حەزرەتی نالی دەخیلی بم
بەم نەوعە قەد نەکا بە سولەیمانییا گوزەر
ئەم موڵکە نەزمی نابێ بەبێ زەبتی واریسی
بێ ئەو بە قەسدی ئەم تەرەفە با نەکا سەفەر
«سالم» سیفەت لە بێکەسیا با نەبێ هیلاک
من کردم، ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر

ویکیپیدیا











# چەند خواردنێك بۆ پاككردنەوەی گورچیلە





بلوبێری ڕێگرە لەزۆربونو بونی بەكتریا كەدەبێتە هۆی هەوكردنی بۆریی میز.

خاك — ئاڤان غازی



شەربەتی سێو كەكاریگەرییەكی زۆر باشی هەیە لەسەر پاككردنەوەی بۆری میزو قۆلۆن، هەروەها كانزا فورسەكانی وەك ئەلەمنیۆمو جیوە و ڕەساس لەناو دەبات.




شەربەتی لیمۆ دەبێتە هۆی زیادبونی ترشەڵۆكی میزو لەناوبردنی بەكتریاو لەناوبردنی بەردی گورچیلە، هەروەها هاوكاری ئێسك دەكات لەسەر مژینی كالیسیۆمو مەترسی توشبون بەنەرمبونەوەی ئێسك كەم دەكاتەوە.




ڕێژەیەكی زۆری ئەبیۆلی لە كەرەوزدا هەیە، كە زۆر بەسودە بۆ زیاتر میزكردنو لەتكردنی بەردی گورچیلەو پاككردنەوەی.




شەربەتی چەوەنەر ترشی میز زیاد دەكاتو بەكتریاكە دەكوژێتو ڕێگری لەكەڵەكەبوونی كالیسیۆمی زیادە دەكات كە ئەمەش ڕێگرییە لەدروست بونی بەردی گورچیلە.



# ئەرەستوو

## مەحموود محەمەدیان



دەگوترێ ئەرەستوو یەکەم فەیلەسووفی کەونارایە کە بۆ یەکەم جار زمانی فەلسەفەی بونیاد نا. ئەم قسەیە خودی ئەرەستووش بەشێوەیەکی خوازەیی باسی دەکا و دەڵێ: "فەلسەفەی پێش من وەکوو منداڵێکە کە ئێستا بیچمی نەگرتووە و توانای قسەکردن و جووڵەی نییە." لەلایەکی دیکە لێکۆڵەرانی فەلسەفەی ئەرەستووش دان بەم راستییەدا دەنێن کە یەکەم نیزامی فەلسەفی ناسنامەدار لە لایەن ئەرستووەوە تووڕ دەدرێتە جیهانی ئەندێشەوە.

ئەرەستوو فەیلەسووفێکە کە سەری بە زۆر کەلێن و قوژبندا کردووە؛ هەر لە مێتافیزیکەوە تا بایۆلۆژی و ئەدەبیات، بەڵام ئەوەی لەم ناوەدا بۆ خوێندکار و توێژەری فەلسەفە لەوانەیە لە هەمووان گرنگتر بێت "مێتافیزیک"ی ئەرەستووییە کە لە ڕاستیدا کۆڵەکەی هزرینی ئەم بیرمەندەیە.

بۆ ئەوەی بتوانین بڕۆینە ناوئاخنی هزری فەلسەفیی ئەرەستووەوە وا باشە سەرەتا دابەشکاریی ژیانی فکرییەکەی بکەین. کاپلستۆن ژیانی ئەرەستوو بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکات، یەکەم: ئەو کاتەی لە ئەکادمیا خوێندکارە و پەیوەندیی لەگەڵ ئەفلاتوون هەیە، دووهەم: ئەو ساڵانەی وا لە ئاسۆن و میتیلنە و دواجار ئەو قۆناغەی کە لۆکیۆم دادەمەزرێنێت کە زانکۆی هاوتەریبە لەگەڵ ئەکادمیا. ئەرەستوو لە هەر کام لەم قۆناغانەدا کۆمەڵێک کتێب و نووسراوە بەرهەم دێنێت کە هەر بەپێی کاپلستۆن دابەش دەبن بەسەر دوو بەشدا، یەکەم: بەرهەمە دەرەکی یان گشتییەکان کە بەشێوەی دیالۆگ نووسراون و بڕیار بووە چاپ ببێت. دووهەم: بەرهەمە پەروەردەییەکان کە بریتین لە وتاری زارەکی و توێژینەوە کە بناغەی وانەکانی ئەرستوو بوون لە لۆکیۆم. لە بەشی یەکەم تەنیا هەندێکیان ماونەتەوە و بەشی دووهەم زۆربەیان لەبەر دەستن.

ئەرەستوو باس لەوە دەکات کە ئاستەکانی ناسین(معرفت) وەک یەک نین. ئەو دەڵێ کەسێک کە خاوەنی "ئەزموونی پەتی"یە لەوانەیە بزانێ فڵانە حەب فیسارە نەخۆشی چارەسەر کردووە بەڵام نازانێ بۆ. بەڵام خاوەنی "فەن/ پیشە" دەزانێ ئەگەر کەسێک تای لێهات چ جۆرە دەرمانێک چارەسەری دەکات. کەوابوو ئامانجی فەن(هونەر) جۆرێک بەرهەمهێنانە. بەڵام حیکمەت/ زانایی لە روانگەی ئەرستووەوە بەم شێوەیە نییە، چونکە ئامانجی زانایی بەرهەمهێنانی شتێک بۆ مەبەستێکی تایبەت-واتە بەرژەوەندی- نییە، بەڵکوو تێگەیشتنە لە یاسا و ڕێسا سەرەتاییەکان- واتە ناسین لەبەر ناسین. ئەگەر سەرنج بدەین ئەم بۆچوونە تەواو تەواو لە فەرهەنگی یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووە. چونکە لە فارهەنگی یۆناندا ئەو پرسیارە کە دەگوترێ: "بۆچی بیر دەکەیەوە؟" بێ مانایە.

گرنگترین بەرهەمی ئەرەستوو واتە "مێتافیزیک" کە بریتییە لە چەندین کتێبی بچووکتر، دواتر لە لایەن توێژەرانی فەلسەفەی ئەرەستووەوە کۆ دەکرێتەوە و هۆکاری ناولێنانەکەشی جگەی لەوەی بابەتی مێتافیزیک لەخۆ دەگرێت، ئاماژەیەکیشە بەو بەرهەمانەی کە پاش کتێبی "فیزیک" نووسراون.

ئەرەستوو هەر لە مێتافیزیکدا باسێکی رەخنەیی سەبارەت بە پێشینیانی خۆی دەهێنێتە ئاراوە و لەوێدا هاوکات کە شەن و کەوی فەیلەسووفانی پێش خۆی، بنەماکانی فەلسەفەی خۆشی خویا دەکات. ئەرەستوو دەڵێ هۆکاری وجوود ناتوانێ یەک دانە بێت. بەڵکوو چوار دانەیە: هۆکاری مادی، هۆکاری فاعلی، هۆکاری غایی و هۆکاری سووری. ئەرەستوو دەڵێ یەکەم فەیلەسووف واتە تالیس تەنها یەکێک لەو هۆکارانەی بۆ وجوود شەمەند کرد، ئەویش هۆکاری مادی بوو واتە ئاو. لەدرێژەدا باس لەوە دەکات لە ئۆمپێدۆکلێس جگە لە هۆکاری مادی، هۆکاری فاعلی(عیشق و قین)یش دێنێتە ناو کایەوە و دواجار ئەفلاتوونە کە دوو هۆکاری مادی و سووری باس دەکات و بەم شێوەیە ئەویش ناتوانێ هەر چوار هۆکارەکە بۆ وجوود دەستنیشان بکات. هەڵبەت بەپێی بۆچوونی کاپلستۆن، ئەرەستوو لە هەمبەر مامۆستاکەی هەندێک بێ بەزییە و دەڵێ ئەفلاتوونیش لەو چوار هۆکارە تەنیا دوو دانەیانی هێناوەتە بەر باس: هۆکاری مادی و هۆکاری سووری، بەڵام دەبێ ئەوەی بزانین کە ئەفلاتوون لە محاوەرەی تیمائوسدا باسی چەمکی "دمیۆرژ" دێنێتە ئاراوە وەکوو هۆکاری فاعلی کە چەمکێکی ئوستوورەییە.

ئەگەر بمانهەوێ بەشێوەیەکی سادە ئەم چوار هۆکارە بۆ وجوود روون بکەینەوە، نموونەیەک دەهێنینەوە. کورسییەک بهێننە بەر زەینتان. ئەو کورسییە نەجارێ دروستی دەکات(هۆکاری فاعلی)، لە دار یان ئاسن دروست کراوە(هۆکاری مادی)، بۆ دانیشتن بەکار دێت(هۆکاری غایی)، کورسی بوون(هۆکاری سووری). ئەم نموونەیە دەتوانین بەسەر هەموو شتێکدا بگشتێنین.

سەرەکیترین رەخنەکانی ئەرەستوو لە ئەفلاتوون لەسەر تیۆری مۆسۆلە. ئەرەستوو دەڵێ ئەم تیۆرییە بێسوودە: چونکە تەنیا خەریکی گەورە کردنەوەی پرسەکانە. (ئەو دوو شتی بۆ نابژێردرێ بەتەمایە ١٠٠ شت ببژێرێ). بێسوودە چونکە ناتوانێ پەیوەندییەکان شرۆڤە بکات و جووڵە پاساو بداتەوە. رەخنەی دووهەم ئەوەیە کە تیۆری مۆسۆل جێبەجێ نابێ و مەحاڵە؛ چۆن دەکرێ جەوهەر و مەوزووع لە یەک جیا بن؟ پاشان بۆ ئەوەی بۆ نموونە وێکچوونی ئیدەی مرۆڤ و سێبەری ئیدەی مرۆڤ کە دەبێتە مرۆڤی بەرهەست، فام بکەین پێویستمان بە "مرۆڤی سێهەم" هەیە کە لەگەڵ دوئالیتەی ئەفلاتوونی ناگونجێت. رەخنەیەکی دیکە کە ئەرەستوو بەڕەرووی تیۆری مۆسۆلی دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم تیۆرییە وڵامی هەندێک پرسی بۆ نادرێتەوە. ئەفلاتوون دەڵێ دنیای ئیدەکان هاوکات دنیای خێر و هەرمانیەتە. ئەرەستوو لێرەدا دەڵێ ئەی لەگەڵ ئیدەی شەرارەت و ناهەرمانبوون(فەسادپەزیری) چ دەکەی؟ ئەفلاتوون دەڵێ ئەوەی لە جیهانی بەرهەستدا هەیە تێکڕا سێبەری جیهانی ئیدەکانن. ئەرەستوو دەڵێ ئەی ئیدەی شتە دەسکردەکان لە کوێی ئەم تیۆرییەدا جێگیر دەبن؟

هەڵبەت بەشێک لەو رەخنانەی ئەرەستوو لە تیۆری مۆسۆلی ئەفلاتوون، بەشێوەیەک لە محاوەرەی "پارمێنیدێس"دا باسیان لێوە کراوە؛ وەک بڵێی خودی ئەفلاتوونیش لە کەم و کوورییەکانی تیۆری مۆسۆل گەیشیبێت. بەڵام ئەوە ئەرەستووە کە بەشێوەیەکی سیستماتیک ئەم رەخنانە شەمەند دەکات.

ئەرەستوو دەڵێ جەوهەر جیا لەو شتەی وا جەوهەر جەوهەریەتی، نییە. ئەو لای وایە سوورەت(جەوهەر) و مادە پەیوەندییەکی دەروونیان هەیە و هەر ئەوەشە کە دەبێتەوە هۆی ئەوەی ئەو هێڵەی وا ئەفلاتوون دەیکێشێ واتە خوریسمۆس، لە نیزامی ئەرەستووییدا کاڵ ببێتەوە. کەوابوو دەتوانین بە جۆرێک بڵێین ئەرەستوو هەمان ئەفلاتوونە بەڵام لە عەرشەوە هاتووەتە سەر فەرش. لە ئەفلاتووندا جیهانی سەرەوە(مۆسۆل) و جیهانی خوارەوە(جیهانی بەرهەست)مان هەیە و لە نیزامی ئەرەستووییدا سوورەت و مادە.

بابەتێکی دیکە کە لە فەلسەفەی ئەرەستوودا گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە و تیۆلۆژیی مەسیحی زۆرترین کەڵکی لێ وەرگرتووە، بابەتی "خودا"یە. ئەرەستوو لەو چوار هۆکارەی بۆ وجوودی دەستەبەر کردووە، سێ دانەیان لەم خودایەدا دەبینێتەوە. ئەو بە خودایە دەڵێ "بزوێنەری وەستاو" کە هۆکاری فاعلییەکەشی هەر ئەم بزوێنەر بوون و هاوکات وەستانەیە. هۆکاری غاییەکەی ئەوەیە کە هەمووان بەرەو ئەو خودایە هەنگاو دەنێن و هۆکای سوورییەکەشی ئەوەیە کە خودا "فۆرمبەخش"ی مادەیە. بەڵام ئەرەستوو پێی وا نییە خودا هۆکاری مادی بێت، چون هێشتا خودا "ئافرێنەر" نییە، ئەوە دواترە کە ئیلاهیاتی مەسیحی و یەهوودی خودای ئافرێنەر پێناسە دەکەن، ئەگینا لە کانتێکستی ئەرەستووییدا خودا جارێ "سانع"ـە یان هەمان هۆکاری فاعلییە.

ئەرەستوو دەڵێ: "بزوێنەری وەستاو مادی نییە بەڵکوو، ژیرنەهادێکی سەربەخۆی هەیە کە ئەویش عەقڵە. بزوێنەری وەستاو تەنها بیر لە خۆی دەکاتەوە و ئەوە تامەزرۆیی دەروونی مادە بۆ ئەوە کە جووڵەی لە جیهاندا ساز کردووە. ئەرەستوو بۆ شرۆڤەی جووڵە باسی بابەتێک دەکا بە ناوی "نەبوون" یان فوقدان. ئەو پێی وایە مادە و سوورەت کاتێک لەگەڵ فوقدان کۆ دەبنەوە، شتێکی نوێ بەرهەم دێت و بەم جۆرە گۆڕان پاساو دەداتەوە.


هەر وەک سەرەتا ئاماژەی پێدرا ئەرەستوو یەک لەو بیرمەندانەی بواری فەلسەفەیە کە دەستی بۆ زۆر پرس و بابەت بردووە. بۆچوونەکانی ئەرەستوو جیا لە پرسی مێتافیزیک، بەو دابەشکاریانەی کە لە بوارەکانی دیکەدا کردوویەتی، لە پاش خۆی لانیکەم بوو بە ماتریالی زۆریەک لە زانستەکان. هەر لە بایۆلۆژییەوە تا رەخنەی ئەدەبی. بەڵام لە مێتافیزیکدا بە قسەی هەندێک لە بیرمەندان هەر چووەوە سەر ئاوەڕۆکەی ئەفلاتوون و گادامێر ئەم پرسەی لە کتێبی "ئیدەی خێر لە فەلسەفەی ئەفلاتوون-ئەرەستوویی"دا بە چڕی شرۆڤە کردووە.

خاک _ پشکۆ کامەران









# قەڵای کەرکوک.. مێژووە هەزار ساڵەکەی کورد لە بەردەم هەرەسدا

قەڵای کەرکوك کە دەکەویتە ناوەندی شاری کەرکوکەوە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەی فرە شارستانییەکان لە کەرکوك، بەوپێیەی شوێنەوارەکانی کوردی، مەسیحی، ئیسلامی، جوولەکە، سەلجوقی، تورکی و تورکمانی لەخۆ دەگرێت، چونکە جگە لە خانووەکانی ئەو قەڵایە، مزگەوت و تەکیە و مەدرەسەی ئیسلامی و کەنیسەی مەسیحییەکان و مەزاری دانیاڵ پێغەمبەری جووەکانی تیایە.

قەڵاکە یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگ و بەرچاوەکانی کەرکوك و لەسەر ئاستی عێراق و جیهانیش بە یەکێك لە کۆنترین شوێنەوارەکانی جیهان دادەنرێت، قەڵاکە لە ساڵی ١٦٠٠ی پێشزاینەوە لە لایەن گۆتیەکانەوە بونیادنراوە، لە پاڵ ئاگری بابە گوڕگوڕدا، قەڵاکە بە یەکێك لە سیمبولە دیارەکانی کەرکوك دادەندرێت.

بەهۆی باران بارین و پشتگوێخستنیەوە لە لایەن ئیدارەی کەرکوکەوە، بەشێکی زۆری ناوەوەی قەڵاکە کە پێکدێت لە چەندین بەشی وەك بازاڕ و گومەزو قەیسەری و مزگەوت و کەنیسە، داڕوخاون.

ستار جەباری، شارەزا لە بواری مێژوو، دەربارەی داڕوخانی قەڵای کەرکوک بۆ ڕۆژنیوز دەدوێت، وەک خۆی باسی دەکات، قەڵای کەرکوك نەك هەر دێرینترین شوێنە لە کەرکوك و عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش قەڵاکە بە یەکێک لە کۆنترین شوێنی نیشتەجێبوون دادەنرێت

هەروەها دەڵێت، قەڵاکە لەسەر دەستی کورد و جولەکە بونیاد نراوە، بەڵام لە ئێستادا بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێت دیمۆگرافیای ئەم قەڵایە بگۆڕن، زۆر هەوڵ دراوە بۆ گۆڕانکاری تیایدا، بەڵام پێان نەکراوە، بەجۆرێک ویستویانە ناوی شوێنەکانی ناو قەڵاکە بگۆڕن یان بیکەن بە ناوێکی تورکی.

ئەو شارەزای مێژووە ڕاشیگەیاند، ئێستا بەمەبەست قەڵاکە نۆژەن ناکرێتەوە، بۆئەوەی زیاتر داڕوخێ و جێ پەنجەی شارستانیەتی کورد بە یەکجاری تیایدا بسڕێتەوە.

ستار جەباری بەپێویستیشی دەزانێت دەسەڵاتدارانی کورد فریای قەڵاکە بکەون و بەر بە ڕووخانی بگرن، پێشیوایە دەگمەنترین گومەت و نەخش لە قەڵاکەدا دروستکراوە، بەڵام بەوجۆرە مێژووەکەی بەرەو لەناوچوون دەچێت.

جەباری دەربارەی هۆکارەکانی پشتگوێخستنی قەڵای کەرکوك ڕوونیکردەوە "ئیدارەی کەرکوك و پارێزگاری کەرکوك دەستیان لە شێواندنی قەڵاکەدا هەیە، جگە لەوەش دەستێکی دەرەکی هەیە بۆ گۆڕینی دیموگرافیای کەرکوك و دەیەوێت سیمای شارەکە بشێوێنێت".

هەرچەندە ڕۆژنیوز پەیوەندی بە فەرمانگەی شوێنەواری کەرکوکەوە کرد بۆ ئاگاداربوون لە دوایین پلان و بەرنامەی فەرمانگەکە لەبارەی نۆژنکردنەوەی قەڵاکە، بەڵام بە بیانوی نەبوونی مۆڵەت ئامادە نەبوون لەم بارەیەوە لێدوان بدەن.

پێشتر ڕۆژنیوز لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرایکردبوو، بەشێک لە ئاسەوارەکانی گومەزە شینەکەی ناو قەڵای کەرکوک، کە مێژوویەکی دێرینی هەیە، دزراوە و لە مۆزەخانەی تۆپ قاپی شاری ئیستەنبوڵە.

ک.س ڕۆژ نیوز



# مێژوو گەواهی دەدات کەرکووک کوردستانیە

شاری کەرکوک بە پێی بەڵگەنامە مێژوویی و جوگرافی و نەتەوەییەکان شارێکی کورد و کوردستانی یە.

بە هۆی دەوڵەمەند بوونی ئەو شارە بە نەوت و پێکهاتە کانیەوە، حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراقی بەردەوام هەوڵی بە تعریب کردن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانی شاری کەرکوک یان داوە و تا ئێستاش بەردەوامە.

گرنگی شاری کەرکوکی قودس و دڵی کوردستان لە رووی جیوپۆلۆتیکی و ستراتیجی و ئابوری زۆر گرنگە بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان و گەلی کورد بە گشتی.هەر بۆیە دوژمنەکانی هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکەی دەدەن، و وەک دەبینین بەردەوام بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا دوور لەیاسا نێودەوڵەتی و دبلۆسیەکان سەردانی شاری کەرکوك دەکەن .!! وەک ئاشکرایە و گومانی تێدا نیە خۆیان و دەهۆڵ کوتەکانیان بێگانەن بەو شارە،لە کۆڕو کۆبونەوەنیشیاندا زۆر بێشەرمانە دەڵێن: کەرکوك شاری باو و باپیرانمانە.!

هەموو دونیا دەزانێت.... مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە کەرکووک شارێکی کوردستانیە، لەتەک ئەوەشدا وا ناسراوە کە شاری فرە نەتەوەو فرەئاینیەکانە، شاری پێکەوە ژیانە، بەڵام خەڵکانێک هەن خۆیان کردووە بەدەمڕاستی کەمە نەتەوەیەکی دیاری کراوو کە ئەجندای وولاتێکی بێگانە جێبەجێدەکەن، وەک تووتی قسەکانی ئەوان دەڵێنەوە، بیریان دەچێت و یا بە ئەنقەست خۆیان لە گێلی دەدەن و چاویان مێژووی ڕاستەقینەی ئەوشارە کوردستانیە نابینێت.!

بۆ کوردستانی بوونی ئەو شارە وێڕای مرافعە گەورەکەی سەرۆک کۆماری پێشوی عێراق ،کە جەنابی مام جەلال سەرۆک کۆماربوو ئەنجامیدا لەمەجلیسی حوکم و لەبەردەم سەرجەم ئەندامەکاندا بەبەرزکردنەوەو پێشاندانی نەخشەی کۆنی عوسمانیەکان کە سنوری جوگرافی لیوای کەرکوکی ئەوکاتی تێدا دیاری کراوەو دانیشتوانەکەی زۆربەی کوردەو لەسەر کوردستان ئەژمارکراوە.

بۆیە زۆر دوور ناڕۆین تەنها دەگەڕێینەوە بۆ ئاماری ساڵی 1957بابزانین ڕێژەی دانیشتوان و تەنانەت گەڕەکەکانی ئەو شارە چەند بووەو چۆنە:

-ژمارەی دانیشتووان

ژمارەی دانیشتووانی خەڵکی شاری کەرکوک لەساڵی (1957) بەم جۆرە بووە:

- کورد (178000) بووە.
- عەرەب (48000) بووە.
- تورکومان (43000) بووە.
- ئاشووری و کلدان (10000) بووە.

لەهەمان ساڵی (1957) دا ژمارەی کرێکارو کاربەدەستانی کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوکدا لەسەدا هەشتا (80%) بووە، بەڵام سەرژمێری کردنی کرێکاری کورد لەساڵی (2003) دا لەسەدا بیست (20%) بووە ئەمە بەڵگەی ئەوپەڕی شۆڤێنیستی بەعس و دەوڵەتی عێراق دەردەخات، کە چۆن ساڵ لەدووای ساڵ کوردیان نان براوو دەربەدەر کردووە. کارێکی تری ژێربەژێر هەیە لەبارەی کەرکوکەوە ئەویش پەیمان و ڕێککەوتنی (تورکیا / عێراق) ە کە بە دڵنیاییەوە بەنهێنی ئەم کارە کراوە چونکە لەچەند ساڵی دووای سەربەخۆیی و دەوڵەمەندبوونی کوردستان دەترسن.

گەڕەکەکانی شاری کەرکوک:

- گەڕەکە کوردنشینەکان (ڕەحیم ئاوا، ئازادی، مامۆستایان، شۆرجە، ئیسکان، بلاخ، قۆرییەشکاو، حەسیرەکە، تەپەی مەلا عەبدوڵڵا، دەروازەی باکووری کەرکوک، ئیمام قاسم، شۆراو، ئەحمەد ئاغا.خەبات)
- گەڕەکە تورکومان نشینەکان ( موصلا، معلمین،ڕێگەی بەغدا، قەسابخانە، ئەڵماس).
- گەڕەکە عارەب نشینەکان (طریق بغداد، ١ی حزیران، وحدة، حریة، اشتراکیة، ممدودة، ٧نیسان، حی البعث، نصرالعروبة، قادسیة، غرناطة).



- گەڕەکە کلدوئاشوورییەکان (شاطرلو، عرفه، الماس).

کەچی بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا و بەرەی تورکمانی لەپێش چاوی هەموو دونیاخۆڵ دەکەنە چاوی خەڵکەوە.! جارێک دروشمی کەرکووک شارێکی تورکمانیەو هەربە تورکمانیش دەمێنێتەوە لەو شارەدا بەرزدەکەنەوە، یان زۆر ڕوقایمانە لە وولاتێکیترەوە دێن و دەڵێن کەرکووک شاری باووباپیرانمانە.!

بەردەوام هەرخەریکی پیلان و ئاژاوە گێرین و ئاژاوە بۆ پێکهاتەکانی شارەکە درووست دەکەن و هەوڵی شێواندنی مێژووی شارەکەدەدەن.!

هەر بۆیە هەندێ لە تورکمانەکان پشت ئەستور بە ئاغاکانیان واخۆیان لێبوە بەویشیلەیەی کەلە ئاوێنەدا خۆی بەشێر دێتە پێش چاو.! ئەوە ئێوە دەست لە پشتیان دەدەن ئەگەر نا ئەو زومرەیە زاتی ئەوە ناکەن تەنانە سەیری نێو چاوی مناڵێکی کوردش بکەن.

ئەگەر نا ئەوتاقمەی ئێوە لە پشتیوەن، بەبێ هۆ دژی هەمووجۆرە بریارو جموجوڵێکی کوردو هێزەکوردیەکانن لەو شارە کوردستانیەدا، لەهیچ هەڵبژاردنێکدا دوو کورسیان بەتەواوەتی نەهێناوە، کەچی خۆیان کردووە بەدەم ڕاستی تورکمان و خەڵکی ڕەسەنی کەرکوک.


تەنها بۆ ڕازی کردنیان و بۆ ئەوەی ئاوژاوە نەگێڕن لەشارەکەدا دوور کەونەوە لە نۆکەری بۆ بێگانە، لەلایەک پارتی دیموکراتی کوردستان پاڵپشتیەکی باشیان بوو بۆ جێگیر کردنی پێنچ کورسی کۆتای پەڕلەمانی لە پەڕلەمانی کوردستان، کەچی لە پەڕلەمانی عێراق تەنها دووکورسیان وەک کۆتا پێ ڕەوا بینرا بۆداندراوەو نقەشیان لێوەنەهات.!!

بەهەمان شێوە یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە 33%دەسەڵاتی ئیداری لەو شارەداپێدان.!!

ئەگەر بە پێوەری مافی دەنگ دان و(استحقاق الانتخابات)بێت بێگومان ئەو ڕێژە خەیاڵاویەیان بەرناکەوێت، یاسا هەڵە قەبوڵ ناکات، بەخشین و خێرو سەدەقە لە جێبەجێکردنی یاسادا جێی نابێتەوە، هاتنەسەر سفرەی حازری زیاد لە مافی خۆیان ئەم کێشەیەی لێدەکەوێتەوە ،کە ئێستا بەرەی تورکمانی لێکردووین بە کەڵەگا و وولتێکی بێگانەی کردووە بەدەم سپی تورکمان و بەرەکەیان.

بێگوومان کورد لەم سیاسەتەدا فەشەلیهێنا وایان دەزانی بەرەی تورکمانی لایەنێکی سەربەخۆن، بەڵام بەهەڵەدا چوون، سەلمێنرا ئەوان تەنها جێبەجێکارن و ئەجندای دەوڵەتی تورک پیادەدەکەن. بەداخەوە ئەمە فەشەلی دبلۆماسیەتی کوردیە تائێستا نەیان توانیوە تەنانەت ئیدانەی لێدوانەکانیشیان بکەن.!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاپۆڕا




# کۆنفرانسی ناوچەیی سێی کۆمەڵە

# دەنگۆی دانوسانی یەکێتی و حکومەت

## بەشی / 191

ن : فەرەیدوون غەریب

ئێوارەیەکی کۆتا مانگی هاوینی ساڵی ١٩٨٣، شێخ فەرهاد شێخانی، ئەندامی پۆلی چەمی ڕەزان و بەرپرسی ئۆرگانەکانی ئێمە هات بەدوامانداو، بەبناری چیادا چوینە چەمی ڕەزان. لەدوای شەهید بوونی ڕزگار جەلال قەساب چەمچەماڵی(هێمن)، ساڵی ١٩٨٢، دوای پۆلای موهەندیس شێخ فەرهاد بووە بەرپرسمان و بەدرێژایی چەند ساڵێک سەرپەرشتی بەشێکی ئۆرگانەکانی پۆلی چەمی ڕەزانی کرد. پیاوێکی باڵابەرزو قۆز، پێشمەرگەیەکی پۆشتەو پەرداخ، جگە لەتفەنگ و قایش و قوروشەکەی، هەموو پێداویستیەکی پێشمەرگانەو کتێب و بڵاوکراوەی بەکۆڵەوە بوو. پیاوێکی گورجوگۆڵ، بەئەدەب و سادەو خاکی، لەگەڵ ئەوەی تاشەشی سەرەتایی خوێندبوو، بەڵام لەئەزموونی ڕێکخستن و پێشمەرگایەتیەوە کادرێکی هوشیارو بەئاگا بوو.. یەکەم بینین و کۆبونەوەمان شەوێک لەباخچەیەکی بەرماڵاندا، لەهەڵسەنگاندنی پۆلای موهەندیسەوە ووتی ؛ دەزانم ئێوە خوێندنتان تەواو کردووەو ئاستی ڕۆشنبیریتان بەرزە، بەڵام منیان کردووە بەبەرپرستان.. ئەم ڕاشکاویەی شێخ فەرهاد ئەوەندەی تر خۆشەویستی کردو بووە هاوڕێی تەمەن و پێکەوە لەگەڵ برادەرانی تردا سەدان کارمان بۆ شۆڕش و کۆمەڵەو یەکێتی ئەنجامدا.

چەمی ڕەزان وەک ئێستا ڕوتەن و بێدارو بار نەبوو، لەگەڵ شێخدا، ئێمە ٥ ئەندامی نهێنی کۆمەڵە دەبوو بەشەو خۆمان بگەیەنینە گوندی عەسکەری قەڵاسێوکە. بڕینی ڕێگا پێچاوپێچ و قامیشەڵانەکە لەتاریکایی شەوداو لەترسی دەرپەڕینی ڕەوەبەرازێک، تاگەیشتینە پلەی بەردە عەلی ماندووی کردین.. لێرەش بەناو ڕەوەزە شاخ و بزنەڕێ سەختەکەدا دۆڵە سامناکەکەی چەمی ڕەزانمان خستە پشتمانەوەو هەڵزنایینە سەر تەختایی چیاکە بەدیوی قەڵاسێوکەدا.. بەرەو کانی دزان و گوندی عەسکەر شۆڕبوینەوە. بڕیار بوو ڕۆژی دواتر کۆنفرانسی ناوچەیی کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ و، هەڵبژاردنی چەند نوێنەرێک بۆ کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و نوێنەری قەزاو ناحیەکانی کەرکوک هەڵببژێردرێت.. حەسەنی حەمەد بەگ، جبار خدر، جمعە حەمەئەمین، عومەر محمود، خلیل حەمەئەمین، جلال عبدوڵا بەندە، ئەندامانی کۆمەڵەو نوێنەری ڕێکخستنەکانی ئەو بەشەی گوندەکانی سورداشی بەرجادە بوین.. شەوی پێش کۆنفرانس بەنهێنی چوینە گوندی عەسکەرو ڕۆژی دواتر بەڕووپۆشەوە بەشداری کۆنفرانسی ناوچەیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانمان کرد.. ئێستا نازانم خەلیل و جلال بەچ هۆکارێک نەهاتن.




کۆنفرانس بەسەرپەرشتی قادری حاجی عەلی و ئازاد هەورامی و ڕێکەوت عوسمان، بەئامادەبوونی ٨٥ ئەندام، جگە لەو ٥ ئەندامەی ئێمەو چەند ڕوپۆشێکی شاری کەرکوک و چەمچەماڵ، ئەوانیتر کادری سیاسی و ڕێکخراوەیی و سەربازی تیپی ٢١ی کەرکوک بوون، دەستی بەکارەکانیکرد..

ئەو شەوە ئێمەیان لەترسی ئاشکرا بوون خزاندە ماڵی ژن و پیاوێکی ڕاکردوی سەربازی کەرکوکیەوە. ماڵێکی سادەی هەژار، بەڵام میهرەبان و هوشیارو خوێندەوار.. هەردوکیان مامۆستای سەرەتایی بوون و پیاوەکە ئەندامی ڕێکخستن و لەترسی ڕژێم هاتبووەگوندی عەسکەر.. هەرگیز ئەو ساوەرو تەماتەیەم بیرناچێتەوە کەئەو ڕۆژە لەماڵی ئەو ژن و پیاوە گەنجە خواردمان..

شارە دێی کوردپەروەری عەسکەر زیاتر لە ١٥٠ پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک، بەهێزترین تیپی یەکێتی، چەند ڕۆژێک بوو میوانی هەموو ماڵێک بوون.. ئێستا ئیدی لەجیاتی پەلاماری جاش و سوپا، تیپەکانی یەکێتی لەهەموو شوێنێک گورزی گەورەیان لەجاش و ڕەبیەو ستونەکانی سوپا وەشاندبوو. لەگەڵ گەرمتر بوونی شەڕی ئێرانیشدا ناوچەی ڕزگارکراو فراوانتر دەبوون و، بارەگاکانی سەرکردایەتیش هاتبونە نزیک شارەکان. تازەش بێتواتەو ناوچەیەکی گەورەی بالیسان و خۆشناوەتی هەولێر ڕزگار کرابوون.. باسکی پێشمەرگە بەهێزو لەناو ئامێزی جەماوەردا، بەجۆرێک ورەیان بەرزو ئاوێزان بوون کۆنفرانسی محەلی گوندی عەسکەر وەک ڤیستڤاڵێکی خاکی، بەجلی بۆری پێشمەرگانەو (١٠ بۆ ١٥ ) ڕوپۆشی ڕێکخستنە نەهێنیەکان و لەباوەشی خەڵکی کورد پەروەری قەڵاسێوکەدا، دیاردەیەکی خۆش و سەیرو نەبینراو دەگمەن بوو بۆ هەموان..




ڕۆژی کۆنفرانس تورەکە کرایە سەری ئێمەو دوو پێشمەرگە وەک ئەوەی ڕێنمایی نابینا بکەن پێشمان کەوتن بۆ مزگەوت! کۆنفراس ڕۆژێکی خایاندو : قادری حاجی علی بەتۆنێکی سەرنج ڕاکێش و دەنگێکی خۆش و نەرم وەک ئەوەی گۆرانی بڵێت، بارودۆخی سیاسی و پێشمەرگایەتی و شۆڕشی شرۆڤە کردو، ئازاد هەورامی خەندە هەمیشەییەکەی هێندەی تر ڕوخساری ڕوناک کردبویەوەو هەموو جارێک لەگەڵ وتە شیرینەکانیدا ددانە سپیەکانی دەردەکەوتن، بەتواناو ڕۆشنبیریەکی ڕسکاوی چەند ساڵەی نێو قوتابخانەی کۆمەڵەو بزاڤی چەپی هەشتاکانەوە، باسی گرنگی کاری ڕێکخراوەیی و کۆنفراس و کۆبونەوە فراوانەکانی کردو خۆشحاڵی خۆی بەبینینی ئەندامە ڕووپۆشەکان دەربڕی..

بۆ یەکەمجارو ئەو ڕۆژە زانیمان یەکێتی بەهەوڵی نێوەندگیری دکتۆر عبدولڕەحمانی قاسملو بەنیازی دانوسانە لەگەڵ حکومەتی عێراق!! بیستنی هەواڵی دانوسان بۆ پێشمەرگەو جەماوەرو ئێمەش هەرچەند گوماناوی بوو، بەڵام دڵخۆش بوین کەئەمە دەبێتە فرسەت و وێستگەیەک بۆ پشودان، دوای ئەو هەموو شەڕو شۆڕو گرتن و کوشتن و گوند سوتان و ماڵوێرانیە..

مــاویــەتــی....

تێبینی : ـ ستوون. ستوونەکانی سوپا، قافڵەی ئوتومبێلەکانی جەیشی عێراقی.

# بیرەوەرەی ناسری ڕەزازی بۆ یادی کاک فوئادی تێکۆشەر



تۆ بەهێزی نامری مردن لە ئاستتا کۆیلەیە چوونکە گیانی تۆ درووشمە بانگەوازە ڕێگەیە تۆ چیای دەنگدانەوەی دەنگی کپی چەوسانەوەی بوومەلەرزەی ڕاپەڕینی سەردەمی بووژانەوەی هۆنراوەی حەمە عەزیز بۆ یادی کاک فوئاد وتراوە

بەڕێزان هاوڕێیان. یادی گەورە پیاوی ئینساندۆست، سەر لەپێناوی خەباتی ڕزگاریی کوردستان، کاک فوئادی موستەفای سوڵتانییە کە یادی هەمیشە لە دڵاندا زیندووە و ڕێگای خەباتەکەی هەرچەند بەلاڕێدا برا، بەڵام هەر بەردەوامە. من کاک فوئادم ساڵی ١٩٧٨ لە مەریوان ناسی و لەوێ بە خزمەتی گەییشتم. چەندین جار ڕێک کەوتووە، نانی نیوەڕۆ و نانی ئێوارەمان لە کاتی کار و خەباتی ڕۆژانەدا لە مەریوان پێکەوە خواردووە. کاک فوئادم بە گەورەترین و باشترین مامۆستای خۆم زانیوە و بیرەوەریی زۆرم لەگەڵیا هەیە کە لە بیرەوەرییەکانمدا بڵاویان دەکەمەوە. لە کاتی گرتنی پادگانی ژاندارمری سنە، کە لەگەڵ کاک عەبدوڵای موهتەدی لە ناو جیبێکدا بەرەو پادگان دەهاتن، کەوتنە کەمینی خەلیل چواردەبرا و نەیانزانی کە ئەوە کاک فوئادە، من نەمهێشت ڕێیان لێ بگرن و بەرەو پادگان بەڕێیانم کرد. خۆشترین ڕۆژی بۆ من ئەو کاتە بوو کە کاک فوئاد لە زیندان ئازاد کرا و هاتەوە بۆ گوندی ئاڵمانە. بەو بۆنەوە چەندین ڕۆژ شایانەیان گێڕا و خەڵک لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە دەهاتن بۆ گوندی ئاڵمانەی مەریوان بۆ دیتنی ئەو گەورە پیاوە کە دڵنیام مێژوو سەد ساڵ جارێ ئینسانێکی ئاوەها ڕادەستی کۆمەڵگا دەکات. ڕۆژی بەربوونەکەی، سەعات چواری ئێوارە بوو، کاک فەرەیدوون موحەممەدی و کاک تاهیری خالیدی و کۆچکردوو ئەبوو کەریمی هاتن بە دووما و چووین بۆ ئاڵمانە بۆ چاوڕۆشنی کاک فوئاد. ئەو شەوە تا لای درەنگێ گۆرانی وترا و هەڵپەڕکێ کرا. شەوێکی خۆش و مێژوویی بوو. چەن وێنەیەکمان گرت، وەلێ بەداخەوە نازانم بۆچی فەوتا و نەبوویەوە بە خاوەنی. ئەوەندە دەزانم گیان لەدەسدانی کاک فوئاد بوو بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵە بەم ڕۆژە گرفتار ببێت و خەباتی چەپ لە کوردستان تووشی شکست ببێت. بەهەرحاڵ یادی ئەو گەورەپیاوە هەتا کورد ماوە، لە ناو هەمووماندا زیندووە.

## بو ڕێبەری ئازیز کاک فوئاد موستەفا سولتانی

شەهید
کۆتری سپی
نامەی ئاشتی
وڵاتێکی زامداری بۆ مێژوو ئەبرد
ڕاوچی هاتن
دێو جامەیان بۆ ڕاگرت و
دەسرێژیان کرد
لە پڕ زەوی زریکاندی
ئاسمان لە خەو ڕاچلەکا
خوێنی کۆتر
دڵۆپ
دڵۆپ
بە سەر هەموو دنیا تکا

**جەلالمەلەکشا**

# چۆن وەڵامی کەرکوکیەکان دەدەنەوە




دوای ئەو هەموو نەهامەتیانەی بەسەر خەڵکی کەرکوک داهات، لە ململانێی ناڕەوای حزبی لەم شارە ، فشارەکان بۆ سەر گوندنیشینەکانی کەرکوک بە مەبەستی زینوکرنەوەی سیاسەتی تەعریب، بێ کاری و بێ خزمەتگوزاری.

بەڵام سەرەنجام کەرکوکییەکان هەموو ڕەخنە و گلەییەکانیان وەلانا ، لە ڕۆژی هەڵبژاردن نۆرەیان بەست بۆ گەیشتن بە سندوقەکانی دەنگدان، کاری ئێمە نیە ئەو خەڵکە دەنگ بە کام حزب داوە ، گرنگتر لەوە ئەوەیە خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردن کردبێت و دەنگی بە لیستە کوردییەکان دابێت.

ڕاستە دەنگدەری کەرکوک وەك هەر هاوڵاتییەکی دیکەی عێراق و هەرێمی کوردستان کێشەی ژیان و خزمەتگوزاری هەیە، بەڵام لەوانە گرنگتر کوردی کەرکوک کێشەی خاکی هەیە، کێشەی ناسنامەی شارەکەی هەیە کە ساڵانێکە لێی زەوتکراوە،

دەنگدەری کەرکووك زۆر بەرپرسانە ئەو بارودۆخە سەپاوەی کەرکوکی لەبەرچاو گرت و چچو بۆ دەنگدان، بۆیە لێرەدا دەپرسین دوای دەنگدان چۆن وەڵامی کەرکوکیەکان دەدەنەوە؟

ئایا دیسان کەرکوك دەکەنەوە قوربانی ململانێی و بەرژەوەندییە حزبیەکانتان یان یەکریز و یەکهەڵوێست ڕووبەڕووی ئاڵانگارییەکانی کەرکوك دەبنەوە.

کەرکوکییەکان چاوەڕوانن دوای هەڵبژاردن لیستە کوردیە براوەکان شەڕی دەستکەوتەکانی خەڵکی کەرکوك بکەن نەك دیسان لەسەر پۆست و دەستکەوتی حزبی بکەونە ململانێی یەکتری.

دەبێت ئەو لیستانەی متمانەی خەڵك دەبەنەوە، لە ئاست ئەو متمانەیە دابن کە خەڵك پێیداون، نا بێت ئەزموونی چەوتی ڕابردوو دووبارە بکرێتەوە کە بەهۆی ململانێی حزبی خەڵکێکی نامۆ بەسەر ئەو شارە بسەپێندرێت.

دەی با چاوەڕوان بین بزانیین چۆن وەڵامی دڵسۆزی کەرکوکییەکان دەدەنەوە

**ئاپۆرا نیوز**

# عێراق خاکی پیرۆزی کوردانە

لەپێش هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ سەر خاکی وڵاتی نێوان دووڕوبارکە واتا (میزۆپۆتامیا)(وادي الرافدين)،تاکە مرۆڤێکی بەرەگەز عەرەب لەسەر ئەم خاکە پیرۆزەی کوردستان بونی نەبوە!!!
ئەوەی هەبوە تەنها کوردانی لوڕ و فەیلی بون کە خاوەنی خاکی عێراق بون، چونکە هەتا هاتنی ئاینی ئیسلام کوردە ساسانیەکان حوکمی ئەم ناوچەیەیان ئەکرد جگە لەو کوردانە کۆمەڵە خەڵکێکی تری تێدا نیشتەجێ بوو کە بڕێتیبون لەکۆیلەی وڵاتانی هندستان و ئەفریقیا و ئەرمینیا ،کە ئێستاش شێوەیان بە ئاشکرا دیارە .
ئەوانەی هندین ڕەش پێست و لوت باریک و قژ خاون،
ئەوانەی ئەفریقیا ڕەنگیان ڕەشی تێر و قژ لول و کورتەباڵان ،ئەوانەی ئەرمینیا
قژ کاڵ و سپی پێستن،
لەدوای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە ئەم خاکە لەلایەن عەرەبی جزیرەوە داگیر کراو تەعریب کرا و ئەو کوردانەی عێراق کە ڕێژەیان زیاتر لە 75%ی عێراقی پێک ئەهێنا توانەوەبەزۆرکران بە عەرەب ،بە ئێستاشەوە ڕێژەی عەرەب لەعێراقدا لە 17%تێپەڕ ناکات ،
عەرەبی جزیرە و عەرەبستان شێوەیان بەئاشکرا دیارە کە لێویان ئەستورە و قژیان لولە و پێستیان ڕەشە و کونالوتیان فشە و پشتە سەریان لاقۆزیە، کورت پوختێ شێوە عەرەبی ڕەسەن ئەسیوبیا و حەبەشەیە، ئەو ڕەنگە کاڵ و جوانەی لەعێراقدا هەیە کە باڵایەکی ڕێک و لوتێکی ڕێک یاخود بەرەنی لەگەڵ چاوێکی قاوەی لەگەڵ سەوز و زەرد لەگەڵ قژێکی کاڵ و خاو لەگەڵ قژێکی نیمچەلول شێوە و ڕوخساری کوردەکانە کە لەکاتی هاتنی عەرەبدا توانەوە و بون بە عەرەب،
لێرەدا بۆ ڕاستی قسەکانم دوو نوسەر وەک بەڵگە ئەهێنمەو کە کەسیان کوردنین
یەکەمیان ئەولیای چەلەبی گەڕیدەی بەناوبانگی تورک لەساڵی 1635زاینی گەشتێکی بە کوردستاندا کردوە و زۆر وەسفی شار و دێهات و داب و نەریتی کوردانی کردوە
لەکتێبەکەیدا "سیاحەتنامە"
باسی کوردانی خواروی عێراقی کردوە وتویەتی هەتا بەسرەش خاکی کوردە بووە،هەروەها جوگرافی ناسی فارس حەمەدالله مستەوافی قەزوینی (1281-1348)زاینی لەکتێبەکەیدا "نزهە القلوب"
لەبارەی کوردستانەوە ئەڵێ کوردستان لە 16ویلایەت پێک هاتوە کە بە ویلایەتەکانی عێراقی عەجەم و عێراقی عەرەبی و خوزستان و ئازربایجان بە (ئامەد)وە دیاریەکروەوە نوساون،
واتا وڵاتی نێوان دووڕوبارەکەی بە عێراقی عەجەمی ناو بردوە کەئەمەش بەڵگەیە لەسەر کورد بونی عێراق،
هەروەها بەشێک لە نامەی گەڕیدەی ئیتاڵی "دێلا ڤالێ " لەسەر کورد ساڵی ١٦١٧ز کە لە کوردستانەوە بۆ مامۆستاکەی نوسیوە لە ئیتالیا. ئەڵێ
* سنوری کوردستان لەنزیک بەغداو سوسەوە دەست پێدەکاو دەگاتە موسڵ ، واتا نەینەوا و وڵاتی مادو ئەرمەن تا سەر دەریا .


ناوی عێراق لە شاری ئورکی سۆمەریەوە وەرگیرەوە کە دەیان و سەدان بەڵگە لەسەر کوردبونی سۆمەریەکان هەیە،
لەکاتی دروست بونی عێراقی نوێدا لەساڵی 1921 ئنگلیز داوای لە عەرەبەکان کرد کە( بۆ زۆر بونی ڕێژەی عەرەب) هەوڵبدەن، عەرەب لەوڵاتانی ترەوە بهێنن بۆیە ئەمانیش هەستان عەرەبی شروگی و شەمر وبەدویان هێنا کە پێشتر وەک کاولی وڵاتیان نەبوو، وشتر لەوان بون و ئەم وڵات و ئەو وڵاتیان ئەکرد و لەژێر خێمدا بون ،بۆیە عێراق لەچوار چین خەڵک پێکدێت

1- عرەبی جزیرە
2-عەرەبی کاولی بێ وڵات و بێ خاک
3-عەرەبی کۆیلەی هند و ئەفریقیا
4-عەرەبی مستەعرەب کە کوردن
بۆیە هەتا ئەمڕۆش بە ئاشکرا لەڕواڵەتی خەڵکی عێراقدا سیمای (کاولی) بون و کۆیلایەتی پێوە دیارە،
ناوی ئەو هۆزە کوردیانەی کە بونەتە عەرەب و ڕەچەڵەکی خۆیان لەبیر کردوە.
1-بني اسد -تیرەی شێرزادی،زەنگەنە
2-الدليم -دەیلم -دوملی -دمبلی هەموی یەک ناو و یەک هۆزە و -کوردی گۆران
3-الخزعلي-خزڵی- کوردی لوڕن
4-الكروي-کەرۆی -کوردی گۆران
5-القيسي -قەیسەوانی-کوردی گۆران
6-الندواي -کوردی لوڕن
7-الزهيدي - زەندیەکانن
8-الطائي -دووبەشن بەشێکیان باجەلانن بەشی دووەمیان هۆزی نۆگریە کەبە نازریش ئەناسرێ
9-الجبور - سێ بەشن بەشێکیان عەرەبە بەشێکیان هۆزی جموری ماچۆ زمان و بەشەکەی تر هۆزی گەورەی خۆشناو
10-اللامي - کوردی فەیلین
11-الربيعي - ماسپی-کوردی فەیلین
12-الجوراني -گۆران
13-المحلمي- کوردی باکور
14-البدري -بەیری -کوردی فەیلین
15-الدراجي -سەربەهۆزی مەنمی
16-الشوهاني - شوهان-کوردی فەیلین
17-الجادري - جایرەوەند -کوردی فەیلین
18- الوردي - گوڵگوڵی -کوردی فەیلین
19- الداودي - هۆزی داودە
20-النوروزي-نەورۆزەوەند -کوردی فەیلین



21-الشادلي- شادلەوەند -کوردی فەیلین
22-الازرقي -زەرگۆش
23-ماهر خضوزي- گاوری -کوردی فەیلین
24-القاتلي -قەیتولی -کوردی فەیلین
25-المالکي-مەلەکشاهی -هۆزی بڵباسن
26-الکناني-مل خەتاوی-کوردی فەیلین
27-ال موسي-مامو-سی-کوردی فەیلی
28-البیاتي- پاپی ڕوان -کوردی لوڕ
29-المیاحي- مێمی -کوردی فەیلین
30-البکري -باکیرەوەند -کوردی فەیلین
31-العباسي-دینەوەری-کوردی فەیلین
32-العکیدات-عەگیدی-هۆزی گەورەی گەردی
33-البدیري-هۆزی دێری
34-الویسي-ئێلی وەسیی-کەڵهوڕن
35-الجرجري-هۆزی گەرگەری
36-البولاني- هۆزی پالانی
37-الخالدي-خاڵدی-هۆزی گەورەی کەڵهوڕ
38-الخیلاني-هۆزی خەیلانی

ئەو نەخشەیە ساڵی ١٨٣٢ لە لایەن جۆن مەک دۆناڵد کینێر (J. Macdonald, Kinneir )ەوە لە شاری لەندەن ئامادە کراوە و لە کتێبخانەی نیشتمانی فەڕانسایە، لێرەشدا دەردەکەوێت کەوا وڵاتی نێوان دووڕوبارەکەی بە عێراقی عەجەم یانیش بە میدیا ناو براوە، نەخشەی دووەمیش لەلایەن تورکیاوە کێشراوە .
بەڕێزەوە لە نوسینێکی کاک (کاروخ عوسمان داودی)یەوە. وەرگیراوە.



Source gallica.bnf.fr / Bibliothèque nationale de France

# دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆنۆمێنتی ئەنفالەکانی لە جەبەل حەمرینی سنووری کوردستان دامەزراندایە

دوای ڕاپەرین ی ئازاری 1991 و گۆڕانکاری 09-04-2003 هەزاران دیکۆمێنتی پڕ لە نهێنی تراژیدیای گۆری بە کۆمەڵی بێسەرشوێنەکان و ئەنفالەکان کە وەتنە ڕوو.کە لەماوەی 35 ساڵی دەسەڵاتی ڕژێمی تۆتالیتاری کۆماری عێراق دا بە شێوەی جیا جیا لە سەراپا عێراق دا جینۆساید کراون. ئە و گۆڕە بەکۆمەڵانە نهێنی پر لە پەنهانی هەزاران گۆری بە کۆمەڵی مرۆڤی کورد و هاوڵاتی خوارو ناوەڕاستی عیراق ی خستوەتە ڕوو، ئە و هەموو گۆڕە بەکۆمەڵانە پرە لە کەلەسەر ودەست و قاچ و ئێسک و پروسکی ژن و پیاو گەنج و منداڵ و ئە و کەرەسە سادانەی کە پێیان بووە، زۆربە یا ن کوردن،ئە و هاوڵاتیانەن کە لە 8 زنجیرەکەی ئەنفال دا دەسگیر کران و کۆمەڵ کوژ کران، زۆربەیان خەڵکی گەرمیانن، ئەوانی تر بادینان و ناوچە جیا جیاکان، ئێسک وپروسکی 8 هەزار بارزانی و کوردە فەیلیەکان و ئە و تێکۆشەرانەن کە لە زیندانەکانی کوردستان و موسل و ئەبوغریب و نوگرەسەلمان دوای گولە باران کردنیان تەرمەکانیان بێسەروشوین کردن. دەبوایە دەسەڵاتی کورد لە سەر بەرنامە و نەخشەیەکی وردی زانستی دوای سود وەرگرتن لە ئەزمونی جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان و جولەکەکانی هۆڵۆکۆست، بەراوێژ بە پسپۆرانی بوارە جیا جیاکان، بە بەشداری نوێنەری نەتە وە یەگرتووەکان،ڕیکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پزیشکی پسپۆری بواری دادوەری، بە ئامیری نوێی پزیشکی تەکنەلۆژیای نوێوە، گۆڕەکان هەڵبدەنەوە،لیکۆڵینە وەی زانستی وردو چریان لە هەموو بوارەکان دا لە سەر بکردایە بۆ ئەوەی جۆری کوشتنەکانیان بۆ هەموو دنیا دەربکەوێت،لە سەر ئەنجامی ئە و توێژینەوانەوە سەدام و عەلی حەسەن مەجید و هەموو جەلادەکانی تر ڕووبە ڕووی دادگا بکرانایە تەوە، لە مەراسیمێکی گەورە و پر لە شکۆمەندی بەربڵاو دا ئە و گۆڕە ونانە لە جەبەل حە مرین ی سنوری سروشتی جوغرافیای هەرێمی کوردستان لە سایەی مۆنۆمێنتێکی گەورەرە بە قەد قەبارەی جینۆسایدەکە بە خاکی جەبەل جەمرین بسپێرایە،

پارێزگاریان لە و هیما شکۆمەندە و لە سنوری کوردستان بکردایە،نەک گۆرە بەکۆمەلەکانی جەبەل حەمرین و ناوەراست و خواروی عێراق بهێننەوە بۆ چەمچەماڵ و گوندی دێبنەی ناحیەی ڕزگاری و دوکان و ناوچە کانی تر، بۆ ئەوەی لەسەراپا هەرێمی کوردستان دا تەنیا یەک مۆنۆمێنتی گۆری ئەنفال هەبێت، بە هەمو دنیای بسەلمێنین ئەمە سنورمانە و مۆنۆمێنتی جینۆسایدمانە، کورد بە ئێسکو پروسک و ڕووباری خوینی شەهیدەکانی، باڵای[ جەبەل حەمرین ] ی سنوری جوغرافیای کوردسیانیان سوور کردوە،کالی نەکەینەوە، ئە و سنورە بکەین بە هێمای جینۆسایدی کورد، کورد،جارێکی تر کورد ئەنفال نەکرێتەوە. **کوردپیدیا**





# ئەو سەختییانەی ژیان دروست دەکەنەوە!

د. کامەران مەنتك



مرۆڤ وەك بوونەوەرێك چەندە ئاڵۆزە، ژیانی مرۆڤیش بەهەمان شێوە ئاڵۆزەو پڕییەتی لە هەورازو نشێو، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆر جاران خودی نشێوەکان، لە بنەڕەتدا سەرکەوتنن وڕێگە بۆ قۆناغێکی نوێ خۆش دەکەن، هەندێکجار هەورازەکان، ئەگەرچی لە رواڵەتدا وەك سەرکەوتن و هەڵزنان بەرەو لوتکە دێنە بەرچاو، بەڵام لەڕاستەقینەدا فریوخواردن وشکستن بەرەو خوارەوە! بۆیە دەبێت مرۆڤ لەروانگەیەکی سەردەمیانەوە سەیری گۆڕانکارییەکانی ژیانی خۆی وکۆمەڵگەکەی خۆی بکات، واتە لەخودی خۆیەوە سەیری رووداوەکان بکات ونەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شەڕانەی لەگەڵیدا ئەنجام دەدرێن، یاخود لەنێو کۆمەڵگاکەیدا بەڕێوە دەچێت، کە رەنگ بێت زۆرجاران شەڕی زۆر دواکەوتوو بن ولەئاستی ئەو قۆناغەدا نەبن، کە کۆمەڵگەکەی وتەنانەت کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی مرۆڤایەتی پیایدا تێدەپەڕێت!.

وەك نوسەری داغستانی (رەسول حەمزەتۆڤ) دەڵێت، مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی خەنجەرێك لەبەر پشتی خۆی دا دەنێت، لەوانەیە جارێك ئیش پێ بێت یاخود نا، بە هەمان شێوە رەنگ بێت مرۆڤ لەهەموو ژیانیدا رقێك یاخود خۆشەویستییەك لەدڵیدا هەڵبگرێت پاشان بۆی دەرکەوێت رقەکە لە بنەڕەتدا خۆشەویستی بووە وخۆشەویستییەکەش رقێکی گەورەو ئێرەیی وبچووکییەتیەکی گەورە بووە، ئەو کاتە مرۆڤی راستەقینە لەجیاتی ئەوەی دڵگران بێت، هەست دەکات بارێکی ئێجگار گرانی لەسەر شان هاتوتە خوارەوەو وەك نازم حیکمەت شاعیری گەورەی تورك دەڵێت، (ئەو گەوهەرەی لەژێر مەمکی چەپیدا حەشاریداوە)، بەشایەنی ئەوەی نازانێت تەنانەت فڕێشی بدات، چونکە شتێك فڕێ دەدرێت، کە بوونی هەبێت، ئەو کاتەی دەردەکەوێت ئەوەی لە ژێر مەمکی چەپیدا حەشاری داوە، گەوهەر نییە وبگرە نەخۆشییەکی کوشندەو دڕندەیەکی بێبەهایە، ئەو کاتە خۆی لەشوێنی خۆی دەپووکێتەوەو روحی مرۆڤ لەو کۆیلایەتییە ساختەیە رزگاری دەبێت، کە رەنگ بێت ماوەیەکی زۆر بەدەستییەوە ناڵاندبێتی!.

گرنگ لەو گەوهەرەدا ئەوەیە وره بەرنەدات ونەکەوێتە ژێر کاریگەری هەڕەشە چرووکەکان، وەك حیکمەت دەڵێت" رەشدانەگەڕێت"، "دەکرێت دەساڵ وزیاتریش لەزیندان بەسەر بەریت و وره بەرنەدەیت، ئەگەر ئەو گەوهەرەی لەژێر مەمکی چەپتدا حەشارت داوە رەش دانەگەڕێت"، رەش داگەڕانی ئەو گەوهەرە، واتە سڕینەوەی خودی ژیان، هیچ شتێك لە ژیانی مرۆڤدا شایەنی ئەوە نییە ئەو گەوهەرەی بۆ رەش بکات، ئەگەر هەر مرۆڤێك، هەر کۆمەڵگەیەك بیەوێت بەئاسوودەیی بژیت، دەبێت رق وتۆڵە کردنەوە لەناخی خۆیدا بنێژێت، بۆئەوەی هیچ رقێکی ژاراوی نەتوانێت تریسکەکانی ژیان بکوژێنێتەوە، چونکە رق لە بنەرەتدا نیشانەی بچووکییەو تا ئێواره هەوڵبدرێت ناتوانرێت بەری رۆژ بە بێژنگ بگیرێت وئەو تروسکاییە بکوژێتەوە، کە شەڕی دادپەروەری وراستی وراستەقینە دەکات!.

بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە، بەهۆی ئەو دۆخەی دروستکراوە، بواری بیرکردنەوە نەماوە، بیرکردنەوەکان هەمووی خراوتە یەك قاڵب ولەیەك چوارچێوەوە سەیری ژیان دەکەن، لەکاتێکدا خودی بیرکردنەوە واتای تواناى هەڵبژاردنە لەنێوان چەند شتێکی جیاواز، بەڵام زیاتر لە س وسێ ساڵە لەباشوور کورد شتی جیاوازی نەدیوەو هەمان دیمەن وهەمان ئەو بچمە دزێوانەن، کە ئەو کۆمەڵگەیان بەرەو هەلدێر بردووە، لەناوەڕاستی هەشتاکان، بارەگای حیزبی شیوعی لە بادینان هیچ خواردنیکی نەمابوو جگە لە نان وچای، بۆئەوەی گۆڕانکارییەك لە لیستی خواردنەکان بکەن، هاوڕێیەکیان نووسی بووی بەیانیان نان وچای، نیوەڕۆیان چای ونان وئیتر بەم شێوەیە، بەداخەوە لە ئێستادا هەر نان وچایەکەیە، بۆیە کۆمەڵگە بەشێوەیەك دەکوڵێت، تا تێکەڵ بەخەڵك نەبیت نازانی رق وتووڕەییەکان لەچ ئاستێکدایە وچ چارەنووسێکی خەتەرناك چاوەڕوانی ئەو هەرێمە دەکات، بۆیە بە بێئومێدییەوە هیوای ئەوە دەخوازم ئەو وڵاتە پارێزراو بێت ولەشەڕو ناخۆشی بەدوور بێت.

## کۆمەڵێک پیاوی ناوچەی موکریان ساڵی 1930، سەردەمی ڕاپەڕینی مەلا خەلیل گورعومەری

شوێن: شاری مەهاباد

ساڵی گیرانی وێنەکە: 1930

کەسایەتییەکانی ناو وێنەکە: ناسراوەکان لەڕاستەوە :

1_ شۆڕشگێری بلیمەتی کورد، سۆفی خەلیل بەگ باریک ناسراو بە خان دەروێش (سەرۆک هۆزی باریک)

2_ نەناسراو

3_ عەلی ئاغا ئەمیر ئەسعەد (سەرۆک تایفەی دێبۆکری)

4_ قەرەنی ئاغای مامەش ئەمیرعەشایەری (سەرۆک عەشیرەتی مامەش)

5_ بایز ئاغای ئۆجاق (سەرۆک تایفەی ئۆجاق)

6_ نەناسراو

7_ مام بایز (سەرۆک عەشیرەتی مەنگوڕ)

8_ ئەمیر سەرلەشکر خەزاعی

9_ عەلی بەگ سالار سەعید حەیدەری موکری (ئەندامی پارلەمان)

10_ عەلی ئاغای گەورک (سەرۆک عەشیرەنی گەورک)

11_ نەناسراو

12_ عەلی خانی مەنگوڕ

ناوی وێنەگر: (نەناسراو) کوردپیدیا



# زیندەگینامەی کەرکوک؛ مەرگنامەی داگیرکەران

## شیعری: لەتیف هەڵمەت

جاران هەموو ڕێگەکان دەچوون بۆ:
بانە
ئێستا گشت ڕێگەکان دەڕۆن
بۆ ماڵی مامەڕیشە لە :
کەرکوک
ئەگەر خوای مەزن
بچوایە بۆ میوانی خۆشەویستانی خۆی
دەچوو بۆ ماڵی ئازاد هەورامی لە:
کەرکوک
ماڵی کەس نییە کەس.. کەس
تاپۆکەی لە گیرفانی
کامیلی مەلا وەیسی دایە:
کەرکوک
خوای مەزن
سێ جار گریاوە
یەکەم جار بۆ: هەڵەبجەی کیمیابارانکراو
دووەم جار بۆ: ئەنفالکراوەکان
سێیەم جار بۆ: ئاوارەکانی کەرکوک
خوای مەزنیش
بە کوردی قسەدەکات
کاتێ کە دەچێ بۆ:
کەرکوک
خوا ئەگەر
لە ئاسمان بێزار ببێ
بە جبرەئیل دەڵێ
عەرشەکەی بۆ گوێزێتەوە بۆ :
کەرکوک
خوای مەزن
دوو جار نەفرەتی کردووە
یەکەم جار لە ئیبلیس
دووەمجار لە: بەرپرسەکانی کەرکوک
لە: حزب و مزب بێزارە بێزار بێزار
تەنها و تەنها ناسنامەی کوردستانی لە گیرفاندایە
کەرکوک
زستانان کە ئاوی خاسە هاژەی دێ
ئاو نییە
خوێنی شەهیدەکانە
گۆرانی دەڵێن بۆ:
کەرکوک
هەموو بڵێسە ئاگرێک
شەهیدێکە بە چرایەکەوە
بۆ ماڵەکەی جارانی خۆیان دەگەڕێ لە :
کەرکوک
لە ژمارەی هەموو نەتەوەکانی عیراق
زۆرترن
ژمارەی شەهیدەکانی:
کەرکوک
ئەگەر دەمی ببوایە
تفی لە هەموو بەرپرسێکی
نەوت دز دەکرد
کەرکوک
ئەگەر خوای مەزن حەزی لە گۆرانی بووایە
دەچوو گوێی لە گۆرانی (شەرتە تا ڕۆژی حەشر)ی
عەلی مەردان دەگرت لە:
کەرکوک
لە باوباپیرانم بیستووە
مردوو زیندووبووەتەوە
کە شۆردراوە بە ئاوی :
کەرکوک
لە هەموو ئەستێرەکان
جوانترن
ئەستێرەی ئاسمانی :
کەرکوک
ئادەم و حەوا
کە لە بەهەشت دەرکران
چوون بۆ :
کەرکوک
وا راهاتووین
کە دەبین بە وێنەکێش
سەرەتا لە سەر دڵماندا
دەکێشین وێنەی :
کەرکوک
لەو چیا و گردۆڵکانەدا
گوێم لە دەنگی هەزاران شەهیدە دەڵێن :
ئێسک و پرووسکەکانمان ببەنەوە بۆ :
کەرکوک
بە زیندوێتی و
بە مردوێتی
هەر شەهیدن، شەهیدن خەڵکی :
کەرکوک
وڵاتی بەرپرسە بازرگانەکان نییە
وڵاتی شەهیدەکانە
کەرکوک
دەکرێ ناوی شەقامەکانی
بگۆڕدرێ
بەڵام ناکرێ
ناکرێ
ناکرێ
لە یاد بچێ ناوی شەهیدێکی :
کەرکوک
ئەی خوایە گیان
من نە دەوڵەمەندێتیم لێت دەوێ
نە وەک هەندێ لە زانایانی ئایین
لێت دەپاڕێمەوە ببم بە ئەندام پەرلەمان
هەموو نزایەکی من ئەوەیە
توانایەکم بدەیتێ
جوانترین شیعر بنووسم بۆ :
کەرکوک




YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018
sharazwri@gmail.com
009647701961087